# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

پ.د. کاروان عومەر قادر

بەڕێوەبەری نووسین:

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر کەریم
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-

- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. سالْح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەدزادە



هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# بەهاکانی هیومانیزم لە ڕۆمانی (ڕێڕەوی ئارام)ی جان دۆستدا

**پ. ی. د. ئاوارە کەمال صالح**

کۆلێژی تەکنەلۆجی هەولێر،
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
awara.saleh@epu.edu.iq

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو کێشەو ئاریشانەی کوردانی ڕۆژاوا لە جەنگدا ڕووبەڕووی بوونەتەوە، بەتایبەتی دوای هێرشی گروپە توندڕەوەکان لە ساڵی ٢٠١٤ بەدواوە تاکو دەسپێکردنی هێرشی لەشکری تورکیا و گروپە هاوپەیمانەکانی ساڵی ٢٠١٧ بۆ سەر ناوچەکانی عەفرین و دەوروبەری، کە بەدەست جەنگ و توندوتیژی و ئاوارەیی و نەبوونی ئازادییەوە دەناڵێنن. جەنگ و لێکەوتەکانی هیچ زەمینەیەکیان بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان و لێبووردەیی لە کۆمەڵگەدا نەهێشتووەتەوە. بەجۆرێك ئەم دۆخە ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر باری دەروونی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە هەیە و دووچاری ماندووبوونی دەروونی و نائومێدی و نامۆیی کردوونەتەوە، هیچ دەروازەیەك بۆ ڕزگاربوون شك نابەن. داهاتوویەکی نادیار و چارەنووسێکی ڕەش چاوەڕوانیان دەکات. دەرکردنی هاوڵاتیانی کوردی سڤیل لەسەر زێد و خاکی خۆیان و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکیان پاشان ناچارکردنیان بۆ ژیانکردن لە نێو کەمپ و ئاوارەیی، بۆردوومان و کوشتنی کوێرانەی منداڵ و ژن و پیر، ڕفاندن و ئازاردانی خەڵکی بێ تاوان دیمەنەکانی نێو ڕۆمانەکەن. ڕۆماننووس سەرچاوەی ئەم ئاریشانە پەیوەست دەکات بەنەبوونی هزرێکی هیومانیزمییەوە، چونکە کاتێك بنەماکانی هیومانیزم دەبنە پێوەر ئەوکاتە ئیدی مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی ڕەنگ و نەتەوە ئاین هەموو پێکەوە بەیەکسانی دەژین، دەرگای گفتوگۆ و لیکتێگەیشتن واڵا دەبێ و هەموو لە ژێر سایەی ئازادییدا خەون بەدونیایەکی جوانتر و داهاتوویەکی گەشترەوە دەبینن. بۆیە ڕۆماننووس بوونی دیدێکی هیومانیزمی بەکلیلی چارەسەری کێشەکان دەبینێ و بانگەوازی ئاشتی و پێکەوە ژیان دەکات.

کلیلەوشەکان: جان دۆست، ڕێڕەوی ئارام، عەفرین، هیومانیزم، دار زەیتوون، جەنگ.

**پێشەکی:**

هیومانیزم وەکو بزوتنەوەیەکی هزری و فەلسەفی باوەڕی تەواوی بەوە هەیە، کە پێویستە مرۆڤ ناوەند بێت و مرۆڤدۆستی لەسەروو هەموو بەهاکانەوە بێت. جەخت لەوە دەکاتەوە هیچ هێزێك لەسەروو مرۆڤەوە نییە، ئەم ڕوانگەیەی هیومانیزم پەیوەستە بە ڕەوشی دەرکەوتن و گەشەسەندنی چەمکی هیومانیزمەوە لە زەمینەی سەرهەڵدانییەوە، کە شارستانییەتی یۆنان وڕۆمانە و پاشان زیندووکردنەوە بوژاندنەوەی لە سەدەی چواردەدا لە ئیتالیاو دواتر لە سەدەی شازدە و ڕێنیسانسی ئەورپییدا دەگاتە ترۆپك و دەبێتە ئاراستە و دیدێکی نوێ بۆ تێڕوانین لە مرۆڤ و لە ژیان، ئەم بزوتنەوەیە کاریگەری تەواوی لەسەرجەم ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن و ئەدەب وکلتور و فەلسەفە و سیاسەت هەبووە و هەیە. ئێستا لە هەموو کات زیاتر مرۆڤایەتی لەتەنگانەدایەو پێویستی بەوە هەیە بەتوندی دەست بە بەها باڵاکانی هیومانیزمەوە بگرێت و پرەنسیپە سەرەکییەکانی بکرێتە پێوەر بۆ پاراستنی ماف و شکۆ و پیرۆزییەکانی مرۆڤ، کە جەنگ و توندڕەویی و ڕەگەزپەرستی و نەبوونی ئازادی بوونەتە سیمای هەرە دیار و بەرچاوی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی. هیومانیزم گەشبینانە لە تواناکانی مرۆڤ دەڕوانی و باوەڕی تەواوی پێیان هەیە. لەو ڕوانگەیەوە کە مرۆڤ توانای گۆڕانکاری و تێپەڕاندنی دۆخە دژ بەبەها ئینسانییەکانی هەیە. دەتوانرێت مرۆڤپەروەری بکرێتە بنەمایەك بۆ پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵکردن.

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (بەهاکانی هیومانیزم لە ڕۆمانی (ڕێڕەوی ئارام) ی جان دۆستدا). هەوڵماندداوە لە توێژنەوەکەدا ئەو ئاریشانە دیاری بکەین، کە ڕووبەڕووی مرۆڤەکان دەبێتەوە لە کاتی جەنگ و ئاوارەییدا، هەموو لێکەوتە کارەساتبارەکانی جەنگیش پەیوەستە بەنەبوونی دیدێکی ڕوونی هیومانیزمی بۆ تێڕوانین لە ئاریشەکان، لەو ڕوانگەیەوە کە هیومانیزم بە سەنتەرکردنی مرۆڤە. لە توێژینەوەکەدا سوودمان لە میتۆدی (ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی) وەرگرتووە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بە ناونیشانی (دەروازەیەکی تیۆری لە بارەی هیومانیزمەوە) چەند لایەنێك لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە (چەمکی بەها، چەمك و پێناسەی هیومانیزم، مێژووی هیومانیزم، بەهاو پرەنسیپەکانی هیومانیزم، کاریگەری هیومانیزم لەسەر ئەدەب). تەوەری دووەم ناونیشانەکەی بریتییە لە (ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارام لە ڕوانگەی هیومانیزمەوە) تەرخانکراوە بۆ (پوختەیەك لە ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارام، ڕەنگدانەوەی ئاریشەکانی هیومانیزم لە ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامدا، کە لە چەند ڕەهەندێکدا ئاریشەکان خراونەتەڕوو، هەر لەم تەوەرەدا ئاماژەمان بە دیدگای ڕۆماننووس لە بەرجەستەکردنی ئاریشەکانی هیومانیزمدا لە ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامدا کردووە).

لە کۆتایشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی ڕۆمانەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

**تەوەری یەکەم:**

**دەروازەیەکی تیۆری لە بارەی هیومانیزمەوە**

**١. چەمکی بەها:**

بەهاکان جۆرێکن لە پێوەر، هاودەنگی و هاوسۆزی بە شێکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگەی لەسەرە. لێرەشەوە بەهاکان کۆدەنگی نێو کۆمەڵگە بەدەستدێنن. (بەهاکان (Value) چەمکگەلێکی گرووپین. لەوەی کە لەڕووی کولتوورییەوە باش، پەسەند و گونجاو یان خراپ، ناپەسەند و نەگونجاو بۆی دەڕوانرێت. بەهاکان ئەوە دەستنیشان دەکەن، کە لە کۆمەڵگەدا چ شتێك بۆ خەڵکی لەڕووی ئاکارییەوە گرنگ و دروستە. بەهاکان لە هەندێ حاڵەتدا لایەنێکی دیار و ئاشکرایان هەیە، وەکو ڕێزگرتنی دایك و باوك یان خانەدانیی...هتد، یاخود حاڵەتێکی گشتیتریان هەیە، وەکو سەلامەتی، خۆشەویستی و دیموکراسی)(موحسنی، ٢٠٠٦: ٣٥٨ ). واتە ئەوەی بڕیار لەسەر باشی وگونجاوی یاخود خراپی و نەشیاوی دیاردەکان دەدات بەهاکانن. دەشێت بەهاکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازبن، ئەمەش پەیوەندی بە سروشتی گەشەی کۆمەڵگەکان لەڕووی ڕۆشنبیری و جڤاکییەوە هەیە. کەوا دەکات هەندێ لە بەهاکان لە کۆمەڵگە کۆنەپارێزەکاندا لەچاو کۆمەڵگە

کراوەکانـدا جیاوازبـن. لـەم سـەردەمەدا بەهـۆی جیهانگیـری و داهێنانـە بـێ شـومارەکانی تەکنەلۆژیـا و ئەپەکانـی سۆشـیال میدیـاوە، کـە هەمـوو کونجێکـی دنیـای تـەی کـردووە. پێـوەر و بەهـاو نۆرمـەکان کەوتوونەتـە ژێـر پرسـیارەوەو لەبـەردەم شـەپۆلی گۆڕانـی بـەردەوام دان. بـەم پێیـە پێـوەر و بەهـاکان بەرەهایـی دەرناکـەون و خاوەنـی سروشـتێکی ڕێژەییـن.

تاکەکانـی کۆمەڵگـە بـە بەردەوامـی لەژێـر کاریگەریـی بەهاکانـدان. بەوپێیـەی پێویسـتە ڕەفتـار و ئاکارەکانیـان لەگـەڵ بەهـا پەسـەندەکاندا هاوتـا بێتـەوە. بۆیـە لـەم ڕوانگەیـەوە بەهـاکان ئـەو پێوەرانـەن، کـە لـە ڕێگەیانـەوە (بڕیـار لـە بەهـای کەسـەکان، هـزر، کاڵا، کـردار و هەڵوێسـتی تاکەکـەکان دەدرێـت) (غیـث، ١٩٨٧: ٥٠٤ ). بەهـاکان نـرخ و پێگـەی هەمـوو ئـەو شـتانە دیـاری دەکـەن، کـە بـەلای کۆمەڵگـەوە گرنگـن و شـایەنی ئـەوەن کـە بەرگریـان لێبکرێـت.

**٢. چەمك و پێناسەی هیومانیزم:**

لـەڕووی چەمکـەوە وشـەی (هیومانیـزم ـ Humanisme) لـە وشـەی (Humanitas)ی لاتینییـەوە وەرگیـراوە، کـە مانـای کـردەی مرۆیـی یـان مرۆڤایەتیبـوون دەگەیەنێـت. ڕەگـو ڕیشـەی وشـەی (Humanus) لـە وشـەی ئیومانسـیا (unansia) ی ئیتالییـەوە هاتـووە. کـە وەك ئاماژەیـەك بـە مامۆسـتا یاخـود توێـژەری بـواری ئەدەبیاتـی کلاسـیکی یۆنـان لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی پـازدەدا بەکارهاتـووە. (کۆمەڵێـك نووسـەر، ٢٠١٨:٢٤ و ٣٧ و ١١٤). ئەگـەر بـە دواداچـوون بـۆ بنەڕەتـی وشـەی (Humanisme) بکەیـن، تێبینـی ئـەوە دەکەیـن، کـە لـەڕووی دەلالـی و فۆرمـەوە وشـەکە گۆڕانـی بەسـەردا هاتـووە، چونکـە لای یۆنانیـەکان چەمکێـك بـە نـاوی (فێرکردنـی هاوسـەنگ ـ Enkiklia Paedia) هەبـووە، کـە بـۆ مەبەسـتی فێرکـردن داڕێـژراوە، ئـەم هـزرە پەروەردەییـەش لای یۆنانییـەکان، بریتیـی بـووە لـە پـەروەردەی مرۆڤایەتـی کـۆن، کـە خـۆی لـە ڕێزمانـی زمـان، ڕەوانبێـژی، لۆجیـك، زانسـتی ژمـارەکان، فەلـەك و هارمۆنـی دەنگـدا دەبینییـەوە. واتـە لـە ڕێـی ئـەم زانسـتانەوە تەکنیکـی فێرکـردن و گفتوگۆکـردن پێشـکەش دەکـرا. یۆنانییـەکان وشـەی (Humanitas) بـۆ گوزارشـکردن لـە پرۆسـەی فێرکردنـی هاوسـەنگ بەکاردەهێنـا. لـە سـەردەمی ڕێنیسانسیشـدا ئـەو بابەتانـەی لـە بـواری زمـان و ئادابـی کلاسـکییدا دەخوێنـدران، زاراوەی (Studia - Humanitatis) بـۆ بەکاردەهـات، مامۆسـتایانی بابەتەکانیـش بـە (Humanist) ناودەبـران. واتـە وشـەی (Humanisme) نـاسراو نەبـوو، تـا ئـەو کاتـەی بیرمەنـدی پـەروەردەی ئەڵمانـی (F. j. nithommer) لـە سـاڵی (١٨٠٨) دا وشـەی (Humanisme) وەکـو دەلالەتێـك بـۆ گوزارشـکردن لـە پرۆسـەیەکی پەروەردەیـی نـوێ پێشـنیارکرد، کـە لـە کلتـوری کۆنـی یۆنـان و ڕۆمانـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو. (مهـدي، ٢٠١٧ : ٥٤٣ ـ ٥٤٤). ئیـدی بـەم شـێوەیە چەمکـی هیومانیـزم (Humanisme) بـۆ وەسـفی ئـەو کۆمەڵانـە بەکاردەهـات، کـە لەسـەردەمی ڕێنیسانسـدا لـە ئەوروپـا دەرکەوتـن و داوای زیندووکردنـەوەی خوێندنـی کلاسـیکیان دەکـرد. واتـە چەمکـی هیومانیـزم سـەرەتا بـۆ ئاماژەکـردن بـە دەسـتەیەك یاخـود گروپێـك بەکاردەهـات، کـە تایبەتمەندبـوون لـە بوارەکانـی ئـەدەب و زانسـتە مرۆڤایەتییەکانـدا، دەرکەوتنـی ئـەم ئاراسـتە هیومانیزمانـە پەرچەکردارێـك بـوو دژی دەسـەڵاتی ڕەهـای کەنیسـە بـە تایبەتـی لەسـەردەمی ڕێنیسانسـی ئەوروپییـدا، کـە بانگـەوازی ئازادبوونـی مرۆڤیـان لـە پێوەندەکانـی سـەدەکانی ناوەڕاسـت و زیندووکردنـەوە و ژیاندنـەوەی کلتـوری یۆنـان و ڕۆمانییـەکان دەکـرد. ئـەم ئاراسـتەیە لەسـەردەمی ڕێنیسانسـدا گەیشـتە لوتکـە، چونکـە ئـەم ڕەوتانـە هەڵگـری هـزری عەقڵانـی و سروشـتگەرایی بـوون. لـەم ڕوانگەیـەوە بەرگریـان لـە ئـازادی بیروبـاوەڕ دەکـرد، هـاوکات داوای جوداکردنـەوە و سـەربەخۆیی سیاسـەت، کۆمەڵگـە، ڕۆشـنبیری و زانسـتیان لـە دەسەڵاتـی کەنیسـە و پیاوانـی ئایینـی دەکـرد. ( ؟، النزعـة الانسـانية.. تاريخهـا واطـوار نشـأتها 2013: .2 .https://www.facebook.com/262019843886278/ posts/742161699205421/?locale=ar_A).

چەمکـی هیومانیـزم لـە ئەوروپـاوە سـەریهەڵداوە و کاردانەوەیـەك بـووە دژی دەسـەڵاتی ڕەهـای کەنیسـە، بۆیـە بانگـەوازی گەڕانـەوە بـۆ کلتـوور و پـەروەردەی یۆنـان و ڕۆمـان دەکـرا، بـۆ تێپەڕاندنـی ئـەو دۆخـە چەقبەسـتووەی کـە ئەوروپـای سـەدەکانی ناوەڕاسـتی تێکەوتبـوو، چونکـە هیومانیـزم داوای خۆشـبەختی مرۆڤـی دەرکـرد، پێیـان وابـوو زوڵـم و زۆری کەنیسـە ئازادییەکانـی مـرۆڤ سـنووردار

دەکات و هیچ بەهایەك بۆ مرۆڤسالاری ناهێڵێتەوە و ڕێگرە لە وەدیهێنانی بەختەوەری بۆ مرۆڤایەتی، بۆیە ڕابەرانی هیومانیزم هەموو هەوڵەکانیان بۆ سەر لەنوێ بونیادنانەوەی پرۆسەی پەروەردەر و فێرکردن چڕکردبووە، ئەویش بەپشت بەستن بەکلتوری کۆنی یۆنان، چونکە وەك سەرچاوەی مەعریفەو ئاکارە باڵاکان لێیان دەڕوانی.

هیومانیزم وەك ڕوانگەیەك یاخود ڕەوتێك، کە هەوڵی دروستکردنی ژیانێکی شایستە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەدات، پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، وەکو(هیومانیزم فەلسەفەیەکی پێشکەوتووخوازی ژیانە، دیدگایەکە لەسەرووی سروشگەرایی و بندەستی عەقڵەوە لە مرۆڤ دەڕوانێت، فەلسەفەی هیومانیزم وا وێنای مرۆڤ دەکات، کە خاوەنی عەقڵێکی ئازاد و پێگەیشتووە، مرۆڤ لەم فەلسەفەیدا لە پێناو مرۆڤدایە و هەوڵێکە لەوەی کە هەیە زیاتر دەخوازێت). (کۆمەڵێك نووسەر، ٢٠١٨: ٣٩٤). لە فەرهەنگی (لالاند) دا چەند پێناسەیەك بۆ هیومانیزم کراوە، لەوانە (کۆمەڵێك سیفەتی گشتییە بۆ هەموو مرۆڤەکان) یاخود (کۆمەڵێك سیفەتە، کە تایبەتمەندییە باڵاکانی جۆری مرۆیی لە خۆدەگرێت و لە بوونەوەرانی دیکەی جودا دەکاتەوە) یان (بریتییە لە بەزەیی و هەستی مرۆڤ، بەرانبەر کەسانی هاوشێوەی خۆی). (لالاند، ٢٠٠١: ٥٧٠ ــ ٥٧١). پێگەیشتن و پەرەسەندنی بیری هیومانیزم وای لێهات، کە بووە بەهایەکی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەوە (هیومانیزم وەك ئایدیالێك سەیردەکرا، کە گوزارشتی لە ئازادی و سەربەخۆبوونی مرۆڤەکان دەکرد، لەهەمان کاتیشدا گوزارشتی لە ڕۆح و پرەنسیپی یەکسانی هەموو مرۆڤایەتی دەکرد).(کۆمەڵێك نووسەر، ٢٠١٨: ١٤ ــ ١٥). یاخود (هیومانیزم فەلسەفەیەکی داخراو نییە، بەڵکو ڕوانگەیەکی کەسی فرە ڕەهەندە، کە دەکرێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لێی بڕوانرێت، وەکو ڕەهەندی سۆسیۆلۆژی، ئەدەبی، فەلسەفی و تەنانەت سیاسیش، لە هەموو ڕەهەندەکانیشدا مرۆڤ سەنتەرە، ئەمەش هاوکارە بۆ ئاراستەکانی توانا و بەهرەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی دروست، هاوکات دژی هەموو جۆرەکانی نامۆبوون و چەوساندنەوەیە، داوای ڕێز و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ دەکات).(رامی، 2021: 2: https://www.ainpedia.com/article). کەواتە هیومانیزم ئەو ئاراستە هزرییە پەروەردەییە بوو، کە لە سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپادا سەریهەڵداو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کۆمەڵگەی ئەوروپی بەجێهێشت و پەیامەکانی لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا گەیشتە لوتکە، کە بانگەوازی زیندووکردنەوە و ژیاندنەوەی بەرهەمی فەیلەسوف و بیرمەندانی یۆنان و ڕۆمانی دەکرد، ئەو بەرهەمانەی بەشارێگەی ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی لە کۆت و پێوەندەکانی دەسەڵاتی کەنیسە و بیری دۆگمای سەدەکانی ناوین دادەنا، بیرمەندانی هیومانیزم داوایان دەکرد کە پێویستە ڕێز لە مرۆڤ و تایبەتمەندییەکانی بگیرێت و ئازادانە بیربکاتەوە و بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات.

هیومانیزم گۆڕو تێنێکی نوێی بەخشیە کۆمەڵگەی ئەوروپی، توانی سنووری سەدەکانی ناوەند تێپەڕێنێ و پێناسەیەکی نوێ بۆ مرۆڤ بکات. کە شایستەی مرۆڤی سەردەم بێت و لە خزمەت ئامانج و بەها پیرۆزەکانی تاکدا بێت. ئیدی مرۆڤ ئەو بوونەوەرە ملکەچە بێ ئیرادەیە نەبوو، کە پیاوانی ئایینی کەنیسە بە ویست و بەرژەوەندی خۆیان فریوی بدەن و وەك مرۆڤێکی دەستەپاچە و زەلیل مامەڵەی لەتەکدا بکەن، مرۆڤ بووە خاوەنی خودی خۆی و بە ویست و ئیرادەی خۆی لە ژیان و داهاتوو و چارەنووسی خۆی دەڕوانیی.

٣. **مێژووی هیومانیزم:**

لە ڕووی مێژووییەوە ڕەگوڕیشەی هزری هیومانیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (سۆفیستائییەکان ٤٥٠ – ٤٠٠ پ.ز) لە یۆنانی کۆندا، چونکە (سۆفستائییەکان ئەرك و ئاریشەکانی مرۆڤیان خستە نێو گفتوگۆ و جەدەلە فەلسەفیەکانیانەوە، بەوسیفەتەی مرۆڤیان کردە ناوەندی گرنگی پێدان و جەختییان لەوە دەکردەوە، کە کاری لە پێشینەی ژیانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە فێربوونی فەزیلەتی سیاسی، هەر لەڕێگەی موجادەلەکانیانەوە هەوڵیان دەدا چاو بەبابەتە فەلسەفیەکانی پێش خۆیاندا بخشێننەوە و لە بری گرنگی و جەختکردنەوە لە بابەتە میتافیزیکی و ئەفسانەییەکان دید و گۆشەنیگایان بۆ لای

مرۆڤ ئاراستەکەن لە پێناو گۆڕینی فەلسەفەی ژیاندا. لە میانەی پێشکەشکردنی پەروەردەیەکی ڕێکخراو کە لە یۆناندا ئەمجۆرە پەروەردەیە زۆر کەم ناسراو بوو). (راسل، ١٩٨٣: ٧٣). سۆفستائییەکان مرۆڤیان ڕادەهێنا، کە چۆن بدوێن و بەرگریی لە مافەکانی خۆیان بکەن. ئەم کارەی سۆفستائییەکان بووە بنەماو دواتر لەسەردەمی ڕێنیسانسیشدا کە داوای زیندووکردنەوەی کلتوور وئەدەب و هونەر و فەلسەفەی یۆنان و ڕۆمانیان دەکرد، ئەو ئاراستە هزرییەی کە گرنگی بە مرۆڤ و بەهاکانی دەدا برەوی پەیداکردو لە شێوەی بزوتنەوەیەکدا بەناوی هیومانیزمەوە خۆی ناساند. (ڕێنیسانس تێڕوانینی نوێی مرۆڤانەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، هیومانیزمەکانی ڕێنیسانس باوەڕێکی نوێیان بەرانبەر مرۆڤ و بەهای مرۆڤ لەلا گەڵاڵە بوو، بڕوایەك بە تەواوی دژی بۆچوونە نەگۆڕەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، کە هەمیشە لایەنی خراپی سروشتی مرۆڤیان دەبینی، بەڵام دواتر مرۆڤ وەك شتێکی تەواو گەورە و بە نرخ تەماشا دەکرا).(کۆمەڵێك نووسەر، ٢٠١٨: ٣٠٣). ئەم ڕەوتە تاکو سەردەمی ڕۆشنگەریی بەردەوام بوو، بەڵام جیاوازی جەوهەری نێوان سەردەمی ڕێنیسانس و قۆناغی ڕۆشنگەری ئەوە بوو، کە ڕێنیسانس تەنیا لە چوارچێوەی بەرگریکردن لە بەهاکانی مرۆڤی ئەوروپیدا خۆی دەبینیەوە، لە کاتێکدا سەردەمی ڕۆشنگەری توانی ئەم سنووربەندییە ببەزێنێ و وەك پرسێکی گشتیی و جیهانی ئاوڕ لە کێشەکانی مرۆڤ بداتەوە، هەربۆیە بانگەوازیان بۆ ئازادی مرۆڤ و چاکسازی و وابەستەبوون بە بەها باڵاکانی مرۆڤایەتییەوە دەکرد. (لە قۆناغی ڕۆشنگەرییدا بە گەڕانەوە بۆ تێگەیشتنی ڕێنیسانسییانە لە مرۆڤ تێڕوانینی بە هێز لە بارەی مرۆڤەوە وەك بوونێکی (ئازاد و یەکسان) برەو دەسێنێت، ئەمەیش هاوشانە بە تێگەیشتنی عەقڵانییانە لە هەلومەرجەکانی ژیان، کە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاستی لە خۆتێگەیشتنی عەقڵانییانە لە هەلومەرجەکانی ژیان و گۆڕینی ئاستی لەخۆتێگەیشتنی مرۆڤ و لە دایکبوونی تاکەکەس وەك ناوەندێك، ئەمەش بەو پێیەی لە دیدی ڕۆشنگەراندا عەقڵ گەردوونییە و لەهەر شوێنێك بێت هەمان شتە، بۆیە دەشێت لەسەر بنەمای ئەم پرانسیپە گەردوونییە هەموو جیهان ببێت بەیەك و مرۆڤ وەك هاوڵاتییەکی جیهانی مامەڵەی لە تەکدا بکرێت).(کۆمەڵێك نووسەر، ٢٠١٨: ٣١٦ ــ ٣١٧). تەوژمی مرۆڤدۆستی و مرۆڤویستی بەشێواز و دەرکەوتەی جیاوازەوە لە کلتوری یۆنان و ڕۆمان و سەردەمی ڕێنیسانسەوە تابە قۆناغی ڕۆشنگەری ئەوروپی دەگات گەورەترین بزوێنەری بزوتنەوەی هیومانیزم بوون. کاریگەرییەکانیان تا ئەم ساتەوەختە بەردەوامە و وەك داکۆکیکاری سەرسەختی مافەکانی مرۆڤ و گەڕانەوەی شکۆ بۆ بەها مرۆڤایەتییە باڵاکان ناسراون. کاری لە پێشینەی ئەم بزوتنەوە هزری و فەلسەفییە وەئاگاهێنانەوەی تاك بوو، بۆ ئەوەی دید و ڕوانگە مرۆڤایەتییەکان بکەنە پێوەر و پەیامی مرۆڤدۆستی بە گوێی دونیادا بگەیەنن. ئەم بزوتنەوەیە لەسەر دەستی کۆمەڵێك بیرمەندی گەورە، کە بوونە پێشەنگ و پێناوی مرۆڤدۆستی هاتەکایەوە، کە بریتین لە (ڕینیە دیکارتی فەیلەسوفی فەڕەنسی، سپینۆزای فەیلەسوفی هۆڵەندی، جان جاك ڕۆسۆ، جۆن لۆك فەیلەسوفی ئینگلیزی، ئیمانوئێل کانتی فەیلەسوفی ئەڵمانی).(کۆمەڵێك نووسەر، ٢٠١٨: ٣٥٢). لە میانەی گەشەکردنی هزری مرۆڤدۆستییدا، دوو ئاراستەی جیاواز و دژ بەیەك دەرکەوتن. ڕەوتێکیان لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە ئاراستە دەکرا، کە دەکرێت بە (هیومانیزمی باوەڕدار) ناویان بهێنین، ئەم ڕەوتە داوای سازانیان لە نێوان پەیامی پەڕاوە ئایینییەکان و بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی یۆنان و ڕۆمان دەکرد. لە دیارترین ڕابەرانی ئەم ڕەوتە بریتیی بوون لە (ئیراسمۆس و تۆماس مۆر)، بەڵام لە ئەنجامی جەنگە بێ کۆتاییەکانی ئایینزا مەسیحییەکان لەگەڵ یەکدیدا و ڕژانی خوێنێکی زۆر و بەردەوامی شەڕ و کوشتار، مرۆڤایەتییان دووچاری ڕەشبینییەکی دیکە کرد و ئەمەش وایکرد سنوورێك بۆ ئەم ڕەوتە دابنرێت و لە بەرانبەردا ڕەوتێکی نوێ بە ناوی (هیومانیزمی بێ باوەڕی) دەرکەوت، کە لایەنگرانی ئەم ڕەوتە بیری توندڕەوی ئایینییان بە سەرچاوەی شەڕەنگێزی و تێکدانی ئارامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەزانی.( ؟، النزعة الانسانية.. تاريخها واطوار نشأتها ـــ 2013: 2: https://www.facebook.com/262019843886278/.

posts/٧٤٢١٦١٦٩٩٢٠٥٤٢١/?locale=ar_A). ئەگەرچی خواست و پەیامی مرۆڤدۆستی لە پێناو ژیانێکی باشتر و داهاتووی ئایندەیەکی گەشدا بوو بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، خواستیان ئەوەبوو مرۆڤایەتی لە ئاشتی و ئارامییدا بژی دایەلۆگ جێگەی شەڕ بگرێتەوە، بەڵام تا ئەم ساتە وەختە بەرژەوەندی زلهێزەکان و کۆمپانیا قۆرخکارەکانیان جیهانیان دووچاری مەرگ و کارەسات و هەژاری و ماڵوێرانی کردووەتەوە و ڕێگەنادەن ئاشتی و ئارامی سەقامگیربێت و ناهێڵن مرۆڤایەتی بۆ ساتێکیش بە ئارامی بژی. هەموو ئەم پرسانە جارێکی دیکە لە بەردەم پێگەی فەلسەفەی هیومانیزمدا ڕامان دەگرن و داوای سەروەری عەقڵ دەکەن. تاوەکو جارێکی دیکە مرۆڤایەتی لەسەر پێیەکانی خۆی ڕاوەستێ و بەها باڵاکانی هیومانیزم لە دژایەتیکردنی ستەمکاری و چەوساندنەوەدا ببنە مایەی دروستکردنی دونیایەکی جوانتر.

**٤. بەهاو پرەنسیپەکانی هیومانیزم:**

هیومانیزم ئامانجی خزمەتکردنی پرسەکانی مرۆڤ و باشترکردنی ژیانییەتی، گرنگترین بنەماو کۆڵەکە سەرەکییەکانی هیومانیزم خۆیان لە (لێبوردەیی، ناتوندوتیژی و ئازادیدا دەبیننەوە).(کۆمەڵێك نووسەر، ٢٠١٨: ٣٦). بێ گومان ئازادی ترۆپکی بەهاکانە، چونکە بە ئازادی تاکەوە پەیوەستە بە هەر سێ ڕەهەندە جەستەیی و دەروونی و ڕۆحیەکەیەوە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە کۆمەڵگەکان پڕن لە ململانێی ناتەندروست و ڕق و کینە هەموو کونجەکانی تەنییوەوە، گیانی لێبوردن و یەکدی قبوڵکردن تەنیا چارەسەرە و هەلی یەکسان بۆ پێکەوە ژیان دەسازێنێت، ئیدی لێرەوە کۆمەڵگەیەکی دژ بە توندوتیژی دروست دەبێت و مرۆڤەکان دەتوانن بە ئازادی گوزارشت لە بیروباوەڕ و ئایدیاکانیان بکەن. هاوکات (هیومانیزم بڕوای بە گەشەکردنی هونەر و جوانی هەیە، تاوەکو لە بۆتەی ئەزمونێکی ئیستاتیکییدا ببێتە واقیعێکی کاریگەر لە ژیانی تاکەکاندا، هیومانیزم باوەڕی بە توانای مرۆڤ لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەیە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بڕوای تەواوی بە عەقڵ و میتۆدی زانستی هەیە). (کۆمەڵێك نووسەر، ٢٠١٨: ٢٨٠ ــ ٢٨١). بەها مرۆڤایەتییەکان ڕۆڵیان لە دامەزراندنی بونیادی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دامەزراوە دیموکراتییەکانی وڵاتاندا هەیە و زەمینەی ئاسایش و ئارامی بۆ تاکەکانی نێو کۆمەڵگە فەراهەم دەکەن. (بەها مرۆڤایەتییەکان بنەمای بونیادی کۆمەڵگەکانن و گرەنتی بەردەوامی و مانەوەیان دەکەن، چونکە هۆکاری گەشەکردن و پێشکەوتنی شارستانی وڵاتان بە پلەی یەکەم بەبەها ئاکاری و مرۆڤایەتییەکانەوە بەندە و دواتر لایەنە ماددییەکانی دیکە دێت).(قجان و قریبع، ٢٠١١: ٨). بێ بوونی بەها ئاکارییەکان ناتوانرێت پەروەردەیەکی تەندروست ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگە بکرێت، چونکە بەهاکان بەشێکن لە پەروەردەی تاك و دواتر دەبنە بەشێك لە پەروەردەی گشتی و ئیدی لێرەوە وەك بەشێك لە کلتوور دەناسرێن. بۆیە دەکرێت مەدلوولی (بەها هیومانیزمییەکان لە چەمکێکدا کۆبکرێتەوە، کە ئەویش (چاکەخوازی و فەزیلەتە) کە خۆیان لە چاکەکردن چ لەگەڵ بەرانبەر چ لەگەڵ خودی تاکدا دەبیننەوە). (قجان و قریبع، ٢٠١١: ٨). واتە ئاکاری باش و مامەڵەی دروست و ویستی چاکەخوزای و مرۆڤپەروەری دەبنە بنەمای بونیادی دونیایەکی بێ گرفت و ئاریشە، کە وا دەکات تاك وەك خۆی بژی و کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ و تەندروست لەژێر سایەی ئاشتی و پێکەوە ژیاندا بەرقەرار بێت. کەواتە هیومانیزم کار لەسەر فرەیی دەکات و ددان بە جیاوازییەکاندا دەنێت، بوار بۆ یەکدی خوێندنەوە و زەمینەی یەکسانی دەخوڵقێنێ، ئەوە هیومانیزمە، کە دەتوانێت مرۆڤەکان لە دەوری یەکتر کۆبکاتەوە، بەبێ گوێدانە ڕەنگ و ڕەگەز و نەتەوە و ئاین.

**٥. کاریگەری هیومانیزم لەسەر ئەدەب:**

مرۆڤ ئەفرێنەری ئەدەبە، بۆیە ئەدەبەکەشی هەڵگری پەیامی مرۆڤدۆستییە و بۆنی ژیانی لێ دێت، ئەفلاتون بە یەکەم کەس دادەنرێت (کە دەستی بۆ دەستنیشانکردنی سیما هاوبەشەکانی چەمکی مرۆڤایەتی لە ئەدەبدا برد، لەو ڕوانگەیەوە، کە مرۆڤ هەر مرۆڤە لە هەموو زەمەن و جێیەکدا، نابێت ترسی لەوە هەبێت، کە بکەوێتە هەڵەوە، چونکە پێی وابووە سروشتی مرۆڤ هێشتا کامڵ نییە و لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ گەیشتنە قۆناغی کامڵبوون،

بۆیە ژیان لە خودی خۆیدا نموونەیەکی جوانە و ئەوە دەهێنێت، کە مرۆڤ بە تاڵی و شیرینییەکانییەوە ئەزموونی بکات).(راغب، ٢٠٠٣: ٥١). نەهامەتییەکان بوونەتە بۆتەی ئەزموون بۆ ژیانی مرۆڤ، کە ئیدی ژیان بەردەوامە و مرۆڤایەتیش هەر بەرەو پێش دەچێت، بۆیە نابێت چۆک دا بدا و خۆی بداتە دەست قەدەر، ئەمەش وای لە مرۆڤ کردووە بە هیوای ساتە چێژ بەخشەکانەوە بەردەوامی بە ژیان ببەخشێت و بۆ هەمیشە بە یادەوەرییە تاڵەکانەوە پەیوەست نەبێت. بەم پێیە پێگەی (ئەدەبی هیومانیزمی وەك تیۆرییەکی ئەدەبی، نە دەکەوێتە سنووری ڕۆمانسیەتی ئایدیالی گەشبین و نە ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەی ڕەشبینەوە، بەڵکوو ڕەوتێکی میانڕەوی نێوەندگیرە و لە نێوان هەردوو ڕێبازدایە، دەیەوێت مرۆڤ وەك ئەوەی هەیە، تاقیبکاتەوە، پێویستە ڕەشبینی و گەشبینی وەلاوە بنێت، بە هیوا و ئومێدەوە ڕووبەڕووی ئازارەکان بێتەوە).( راغب، ٢٠٠٣: ٥٢). ئەدەبی هیومانیزمی کار لەسەر نیشاندانی هەقیقەتی مرۆڤ وەکو خۆی دەکات بەپێی سروشتی خۆی، بەبێ هیچ زۆر لەخۆکردنێك، هەر بۆیە ئەدەبێکی ئینسانییە و هیچ بەربەست و سنوورێك ڕایناگرێت. واتە ئەو ئەدەبەی پەیوەستە بەخەون و خولیای مرۆڤ و ئازارەکانییەوە بەئەدەبی مرۆیی ناودەبرێت. بەم پێیە (ئەدەبی مرۆیی ئەو ئەدەبەیە، کە تەواوی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، بەبێ جوداکردن لە نێوان ڕەگەز و نەژاد و ڕەنگدا، ئەدەبێکە پەیوەستە بە مرۆڤەوە بەو سیفەتەی کە مرۆڤە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر ئینتیماو پێناسێك گوزارشت لە خەون و هیواو ئازارەکانی دەکات. ئەو ئەدەبەیە کە ئەفراندن دەخولقێنێ لەڕێی وێناکردنی خەم و چەرمەسەریی و نەخۆشی و جەنگەوە مرۆڤایەتی بەسەر دەکاتەوە. لە پێناوی بەرز ڕاگرتنی کەرامەتییدا، سەرەڕای ئەوەی کە هەڵگری ڕەهەندی ئیستاتیکیە و لایەنی جوانی فەرامۆش نەکردووە).(الندوي، 2023: 1: https://www.al-jazirah.com/2023/20230613/rj3.htm#:). ئەدەبی هیومانیزم تۆوی یەکڕیزی و تەبایی دەچێنێت، بەیەکچاو لە مرۆڤ دەڕوانێ و ئامانجی گەورەی پەرەپێدانی تواناکانی مرۆڤە بۆ تێپەڕاندنی دۆخە ناهەمووارەکان. لەم ڕوانگەیەوە هەندێك پێناسە ئەدەب بە ڕەنگدانەوەی ژیان دەناسێنن، ئەوا بەرجەستەی مەینەتی و ئازار و نەبوونی یەکسانی و ئاریشە زۆرەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دەکەن. ئاشکرایە مرۆڤ بەرکەوتەی یەکەمی هەموو ئەو ناهەمواریانەیە، کە دووچاری کۆمەڵگە دەبێتەوە و باجی گەورەی نەبوونی دادپەروەری و هەژاری و ئازادی دەدا، بۆیە لێرەدا ئەدەب دەبێتە ئەو زەمینە بەرفراوانەی، کە مرۆڤ ئاوات و ئازارەکانی تێدا دەچێنێتەوە و بۆ ساتێك چێژ لە ژیان وەردەگرێت. جەوهەری سەرەکیی گوتاری هیومانیزم، بریتییە لە فیکری مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان، بانگەوازی یەکسانی و ئاشتیخوازیی دەکات. لێرەدا پەیامی هیومانیزم و ئەدەب بەیەك دەگەن، چونکە ئامانجی گەورەیان مرۆڤە و لە پێناوی خواستە ڕەواو باڵاکانی مرۆڤدا گوتارەکانیان ئاراستە دەکەن. ئەدەبی هیومانیزم تۆوی یەکڕیزی و تەبایی دەچێنێت، بەیەکچاو لە مرۆڤ دەڕوانێ و ئامانجی گەورەی پەرەپێدانی تواناکانی مرۆڤە بۆ تێپەڕاندنی دۆخە ناهەمووارەکان. بەم شێوەیە مرۆڤ لای هیومانیزمەکان (هاوکات هەم ئامرازە و هەم ئامانجە، چونکە پێویستە هەقیقەتی خۆی بسەلمێنێت و چێژ لە ساتەکانی ژیانی وەربگرێت تا ئەو کاتەی لەسەر ئەم زەمینە دەژی، لەگەڵ هەموو ئەو دژیەکی و لەمپەرو کۆسپانەی کە دێنە سەر ڕێی).(راغب، ٢٠٠٣: ٥٤). مرۆڤ لە نێوان دژیەکیی دوالیزمەکانی ژیان و مردن، خۆشی و ناخۆشی، جوانی و ناشیرینی، چاکە و خراپە، خود و بابەت و ئازادی و بندەستییدا بەدوای ماناکانی ژیاندا وێڵە، واتە مرۆڤ خۆی ناداتە دەست هیچ جەمسەرێکی ئەم دوالیزمانە، بەڵکوو پێی وایە ژیان ئاوێتەیەکە لە هەر دوو جەمسەری دوالیزمەکان، وەك ئەوەی وێنای ژیان بکەین بەوەی تەنیا لە جوانی پێکهاتووە، نەخێر هاوکات تەژیشە لە دیمەنی کرێت. ئیدی لێرەوە ئەم پەیوەندییە جەدەلییە دەگوێزرێتەوە نێو کایەی ئەدەب، بەو پێیەی (پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان هیومانیزم و ئەفراندنی ئەدەبییدا هەیە، چونکە ئەو ململانێیانە بەرجەستە دەکات، کە ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر بونیاد نراوە، بۆیە بە دەگمەن کارێکی ئەدەبی کامڵ دەدۆزینەوە، کە خاڵی

بێت لە ململانێی درامی، چونکە بەبێ ململانێ کاری ئەدەبی دەگۆڕێت بۆ گێڕانەوە و وەسفێکی وشکی بێ گیان یاخود ڕاپۆرتێکی ئاسایی).(راغب، ٢٠٠٣: ٥٥). تاکیش لە ڕێگەی ئەو ململانێیانەوە، کە لەگەڵ خودی خۆیدا یاخود دەوروبەرییدا هەیەتی دەناسرێت. واتە ژیان بێ ململانێ دەوەستێت و مرۆڤایەتی دەخاتە سووڕی متبوونەوە، هەر ئەم ململانێیانەش دەبنە داینەمۆ و بزوێنەری ڕووداوەکان، هەر بۆیە هەموو ئەو دەقانەی بوونەتە شاکار و سنووری سەردەمەکانیان بڕیووە، تەژین لە ململانێ، ململانێ لە پێناو جیهانێکی باشتر و داهاتوویەکی گەشتر بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی.

گرنگترین ئەو ئەدگارانەی کە هەڵگری ویستی مرۆڤدۆستی و هیومانیزمن لە ئەدەبدا، لەم خاڵانەوە سەرچاوە دەگرێ (مزید، ٢٠٠٨: ٥٤ ــ ٥٦):

١. بەرهەمی ئەدەبی ڕەسەن و تۆکمە پارێزگاری لە بەهاو گەورەیی خۆی دەکات، واتە نە بەتێپەڕبوونی کات نە بەدوور کەوتنەوە لە زێدی سەرهەڵدانی کاریگەری لە دەست نادات، ئەمەش وادەکات، کە وەك شاکارێکی مرۆیی دەربکەوێت و نەمری بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

٢. دەقی ئەدەبی بەهاو واتای لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێ، بۆیە باشتر وایە ڕەخنەگر خۆی بەدوور بگرێت لە داوەکانی میتۆدی بونیادگەری و ڕەخنەی مێژوویی، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە دەقی ئەدەبی بە سیاقێکی مێژووییەوە پەیوەستە کە کاریگەری لەسەر داڕشتن و بەرهەمهێنانی هەبووە.

٣. باشترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئەدەبییدا ، بریتییە لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی بەبێ پەیوەستکردنی بە هیچ بیروباوەڕێکی پێشین یاخود لایەنگیری بۆ ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو.

٤. دەقی ئەدەبی هەقیقەتی مرۆیی لە خۆدەگرێت، لەو ڕوانگەیەوە کە جەوهەر و ناوەڕۆکی مرۆڤ یەکەو بە گۆڕانی ڕەنگ و زمان و شوێنکات ناگۆڕێت، بۆیە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە نابێت کەڵچەڕێك یاخود گروپ و ڕەوتێك خۆیان بکەنە دەمڕاست و لەبری ئەوانی دیکە گوزارشت لە هەقیقەتە مرۆییەکان بکەن، واتە ناکرێت لایەنێك بەرکەنار بخرێت لە بەرژەوەندی گروپێکی دیکە، چونکە یەکێتیی نێوان مرۆڤەکان پارێزگاری لە تایبەتمەندی هەموو مرۆڤەکان دەکات.

٥. ئامانجی ئەدەبی هیومانیزمی، بریتییە لە باشکردنی ژیانی مرۆڤەکان و بڵاوکردنەوەی بەهای چاکەخوازی و پەرەپێدانی گیانی مرۆڤ پەروەری لای تاکەکان، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ئامۆژگاری ببات یاخود بخزێتە نێو دواندەرییەوە، چونکە بەم شێوەیە ڕەونەقە ئەدەبییەکەی لە دەست دەدات.

٦. پابەندبوون بەڕاستگۆیی، لەخستنەڕووی ڕەهەندە دەروونی و جەستەییەکانی مرۆڤ و چارەسەرکردنی ئاریشەکانی.

ئەو دەقە ئەدەبییانەی لە دووتوێیاندا پەیامی مرۆڤدۆستییان هەڵگرتووە، بەرهەمی نەمر و زیندوون، هەر زوو سنوورەکان دەبڕن و بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك گونجاون، چونکە گوزارشت لەو ئاریشانە دەکەن، کە مرۆڤ کۆت و بەند دەکەن و شکۆ و ئازادیان لێ زەوت دەکەن، بۆیە تا مرۆڤایەتی بەردەوام بێت بنەماکانی وەکو دادپەروەری، یەکسانی، ئازادی، لێبووردەیی و ئەوین پەخش دەکات، تاوەکو دژی چەوساندنەوە، ستەم، هەژاری و جەنگ بووەستێتەوە.

## تەوەری دووەم: ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارام لە ڕوانگەی هیومانیزمەوە

**أ. پوختەیەك لە ڕۆمانی (ڕێڕەوی ئارام):**

ڕۆمانی (ڕێڕەوی ئارام) لەلایەن (جان دۆست) ی ڕۆماننووسەوە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، پاشان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی بە زاراوەی کرمانجی، چاپی یەکەمی لەلایەن (شۆڕش غەفوور) ییەوە کراوەتە سەر شێوەی سۆرانی، ماڵی وەفایی لە ساڵی ٢٠٢٠ دا چاپ و بڵاوکردۆتەوە. ڕۆمانەکە لە دووتوێی (١٩٧) لاپەڕەدا خراوەتەڕوو، دابەشکراوە بەسەر (١٧) بەشدا، کە

هەر بەشێك خاوەنی ناونیشانی سەربەخۆی خۆیەتی. وەك لە ناونیشانەکەوە دیارە ڕۆماننووس ڕووداوەکانی هێرش و پەلاماری گروپە توندڕەوەکان لەساڵی ٢٠١٤ و پەلاماری دەوڵەتی تورك لە ساڵی ٢٠١٧ بۆ داگیرکردنی عەفرین و بەشێك لە ناوچە کوردییەکانی ڕۆژاوای کوردستانمان لەلایەن لەشکری تورکیاوە بۆ دەگێڕێتەوە. ڕۆماننووس زۆر بەوردی کاری لەسەر لایەنی دەروونی و جەستەیی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە کردووە، کە جەنگ دووچاری نەهامەتی و چارەنووسێکی نادیاری کردوون، ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە چیرۆکی خێزانی دکتۆر فەرهادی دانیشتووی مەنبەجەوە دەستپێدەکات، کە خێزانێکی پێنج کەسین و ژیانێکی ئارامیان هەیە، بەڵام دۆخی شەڕ ژیانیان دەگۆڕێت بۆ مەرگەساتێکی بەردەوام. کامۆ، کە مێردمنداڵێکی (١٤) ساڵانە، کوڕی گەورەیانە و کەسایەتی سەرەکی و وەگێڕی ڕۆمانەکەیە. دوای ئەوەی داعش باوکی کامۆ دەڕفێنن و هەڕەشە لە خێزانەکەیان دەکەن، کە دەبێت بەزووترین کات ناوچەکە بەجێبهێڵن، ئیدی ژیانیان دەبێتە تراژیدیاو لەگەڵ هەزاران کەسی دیکەدا ڕێگەی کۆچ و ئاوارەیی دەگرنەبەر، بەو ئومێدەی بگەنە ڕێڕەوی ئارام، بەڵام لەم کۆچڕەوەدا ئازاری زیاتر ،مەرگ ،نەخۆشی، برسێتی، توندوتیژی، ماندووبوون، کەوتنە بەر ڕەحمەتی تۆپ، بۆمباباران، ڕێگەی کوڕەوی پڕ ترس و پاشان گیرسانەوە لە نێو کەمپدا دەبێتە بەشیان و تەنیا ئازار و خەمیان پێدەبڕێت. کامۆی وەگێڕ زۆر بەوردی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، هەرچەندە تەمەنێکی زۆری نییە، بەڵام بارودۆخی شەڕ و تێکەڵ بوون لەگەڵ مرۆڤی لەخۆی گەورەتر ئەزموونی نوێ و بەهرەی نوێی پێدەدەن، سەراپای ڕۆمانەکە بەرجەستەکردنی ئازارەکانی نەتەوەیەکە، تەنیا گوناهی ئەوەیە، کە کوردە، بۆیە لە هەموو لایەکەوە پەلامار دەدرێت، لە لایەن تورکیاو گروپە بەکرێگیراوەکانی، توندڕەوەکان لەبەرەیەکی ترەوە، ڕژێمی سوریاش لەولاوە بووەستێ، ئەمانە هەمووی ڕۆڵیان لە نەخشی درامی ڕۆمانەکەدا هەیە و ڕۆماننووس زۆر هونەرییانە هەموو ئەم داوانەی داوەتە دەم یەك و پلۆتی ڕۆمانەکەی پێ نەخشاندووە. ماڵی کامۆ تەنیا بەشێکن لە دیمەنێکی گەورەتر، کە ڕۆماننووس مەبەستی بووە بە کۆمەڵێك نەهامەتییەوە وێنایان بکات، تاوەکو وەرگر لەلای خۆیەوە وێنە گەورەکە تەواو بکات.

**ب: ڕەنگدانەوەی ئاریشەکانی هیومانیزم لەڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامدا:**

جان دۆست لە ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامدا، بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە لەو دیاردانە دەڕوانێت، کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم وەدیهێنانی بیری هیومانیزمدا، بەتوندی بەگژیاندا دەچێت. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی ئاریشەکانی مرۆڤ لە نێو ژینگەی جەنگ و ئاوارەییدا دەدات. کاتێك خوێنەر لەگەڵ ڕۆمانەکەدا ئاوێتە دەبێت هەست دەکات کەشێکی پڕ لە ترس باڵی بەسەر فەزای ڕۆمانەکەدا کێشاوە و ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر سەرجەم کایەکانی ژیانی کارەکتەرەکان درووستکردووە، نائومێدی و ترس و دڵەڕاوکە و نە بوونی هیوایەك بۆ دەرباز بوون لەو واقیعە دژوارە، بوونەتە تێمەی سەرەکی ڕۆمانەکە، ڕۆماننووس زۆر بەکارامەییەوە بە چیرۆکی کۆمەڵێك کارەکتەر وەرگر ئاشنا دەکات، کە هەریەکەیان بەجۆرێك جەنگ و ئاوارەیی کۆیکردوونەتەوە، ڕۆماننووس بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر وەرگر دروستبکات، ناوی چەندین شوێنی واقیعی ڕۆژئاوای کوردستانی هێناوە هەر لە (شەڕان، مەنبەج، عەفرین، حەلەب) کە جوگرافیای شوێنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیان لەسەر بونیادنراوە، جگە لەوەی ڕووداوەکانیش لە واقیعەوە وەرگیراون، ئەگەرچی ئەمانە خەسڵەتی ڕۆمانی مێژووین، بەڵام هەموو ئەمانە وای لە ڕۆماننووس نەکردووە، کە تەنیا بەواقیعەوە پەیوەستبێت، بەڵکوو ئەم واقیعەی تێکەڵ بە ئەندێشە و فەنتازیاکردووە و بە چەندین کەسایەتی جودای نێو دنیای ڕۆمانەکەمان ئاشنا دەکات، کە هەریەکێکیان خاوەنی دونیایەك لە هیوا و ئاواتە، بەڵام جەنگ و بەرژەوەندی زلهێزان و نەبوونی خواستی مرۆڤدۆستی هەر کارەکتەرێکی بە جۆرێکی جودا دووچاری نامۆیی و شکستی دەروونی کردووە، کە بەرجەستەی واقیعێکی تاڵی پڕ لە نیگەرانییە. لێرەدا بۆ ئەوەی وردتر ئاریشە مرۆییەکان وێنا بکەین و ئەو ڕایەڵانە

بدۆزینـەوە، کـە ڕۆماننــووس ویســتوویەتی دیـدی ڕەخنەگرانـەی خـۆی تێـدا بخاتـەڕوو، لـە جێگەیـدا پـەرە بـە هـزری هیومانیـزی بـدا بـۆ گەیشـتن بـە دنیایەکـی پـڕ لـە لێبوردەیـی و پێکـەوە ژیـان. ئاریشـە هیومانیزمـەکان لـەم لایەنانـەی خـوارەوەدا دەخەینـەڕوو:

١. **ئاریشــە خودییــەکان:** جــان دۆســتی ڕۆماننــووس لــە ڕێگـەی وێناکردنـی کێشـە خودییەکانـی (کامـۆ) وە، دەیەوێـت بـەرەو پـەی بـردن بەکێشـە خودییەکانـی ئەوانـی دیـمان ئاراسـتە بـکات، کـە تژیـن لـە خـەم و ناسـۆر دەربـارەی چارەنــووس و داهاتــووی نادیــار، چونکــە یەکێــك لــەو ئاریشـە گەورانـەی تـاك بـەرەو ڕووی دەبێتـەوە نیگەرانییـە دەربـارەی داهاتـوو و چارەنووسـی نادیـار، جەنـگ کاریگـەری گـەورە لەسـەر دەروونـی تاکـەکان بەجێدەهێڵێـت، ئەوەتـا کامەرانـی کەسـایەتی سـەرەکی و وەگێـڕ بەمجـۆرە خـۆی دەناسـێنێت ((**مـن کامیرانـم، دەتوانـی پێـم بڵێـی کامـران، نەوەڵـڵا تـۆ دەبـێ پێـم بڵێـی کامـران. وەهـا دروسـتترە. واتـای ناوەکەیشـم کەسـێکی بەختـەوەر و سـەرکەوتووە**)). (**ڕێـبـڕەوی ئـارام، ٢٠٢٠: ١٠**). کامـران، کـە بەکامـۆ ناسـێنراوە لـە ڕۆمانەکـەدا، مێردمنداڵێکـی چـواردە ساڵانە، کەسـێك شـك نابـات چیرۆکـی ژیانـی بـۆ بگێڕێتـەوە، ئەمـەش دەلالەتـە لـەو بـۆ شـاییە دەروونییـەی کـە ژینگـەی شـەڕ خوڵقاندوویەتـی، بۆیـە بەناچـاری پەنـا بـۆ پارچەیـەك تەباشـیر دەبـات و دەیکاتـە هاودەمـی و دەسـت بەگێڕانـەوەی بەسـەرهاتی خـۆی و خێزانەکـەی دەکات. ئـەو کاتـەی ماڵیـان لەمەنبـەج بـوو ئـەو پارچـە تەباشـیرە لـە قوتابخانەکەیـان دەبـات ((**ڕۆژێکـی پاییـز مـن تـۆم لـە دەبسـتان دزی. چـاوم پێـت کـەوت و دیتـم کـە زۆر ناسـك و باریکەلەیـت و بریقـەت دێ. تـۆ وەك تەبەشـیرە هەرزانـەکان نەبووی**)).(**ڕێـبـڕەوی ئـارام: ١١**). لێـرەوە وەرگـر هەسـت بـەوە دەکات کامـۆ چەنـد تەنیایـە و جەنـگ چ وێرانەیەکـی لـە ناخییـدا دروسـتکردووە، کەسـێك نییـە گوێـی لێ بگرێـت، کامـۆ بـۆ ئـەوەی لـە ڕووی دەروونییـەوە هەسـت بـە ئارامـی بـکات. دەیەوێـت ناخـی خـۆی بـۆ هەڵڕێژێـت. واتـە جەنـگ ژینگەیەکـی خوڵقانـدووە ئیـدی کـەس گـوێ لـە ئازارەکانـی کـەس ناگرێـت، جـان دۆسـتی ڕۆماننـووس کاتێـك ئـەم کەسـایەتییە بـە کامـۆ نـاو دەبـات، لـە کاتێکـدا هیـچ کامەرانـی و بەختەوەرییـەك لـە ژیانـی کامرانـدا نییـە، واتـە ناوی کامـران لەگـەڵ ئـەو ژیانـەی بەسـەری دەبـات پارادۆکسـی دروسـتکردووە. کامـۆ لـە درێـژەی گێڕانەوەکەیـدا نهێنییەکـی ژیانـی خـۆی لای تەباشـیرە زەردەکـەی، کـە نـاوی لێنـاوە (زەرێ) ئاشـکرا دەکات ((**زەرێـی هاوڕێـم. ئەمـڕۆ نهێنییەکـی خۆمـت بـۆ بـاس دەکـەم. نهێنییـەك کـە ئـەوا دوو سـاڵە لـە هەمـوو کەسـی دەشـارمەوە. بـەڵام تەنیـا بـە تـۆی دەڵێـم. تـۆ ئیـدی هـاوڕازی منـی. هەرچەنـدە شـەرمیش دەکـەم، بـەڵام بـە تـۆی دەڵێـم. مـن میـز بەخۆمـدا دەکـەم. هەمـوو شـەوێ.**)).(**ڕێـبـڕەوی ئـارام: ٢٩**). ئـەو بـارە دەروونییـە ئاڵـۆزەی کـە کاریگـەری گـەورەی لەسـەر دەروونـی کامـۆی مێردمنـداڵ دروسـتکردووە، پەڕیووەتـەوە بـۆ جەسـتەی و دووچـاری میـز بەخۆداکردنـی شـەوانەی کـردووە، هـۆکاری هەمـوو ئەمانـەش ئـەو لێکەوتانەیـە کـە شـەڕ لەسـەر خانەوادەکـەی دایناوە، بۆیـە دووسـاڵە بـەم بـارەوە دەناڵێنێ و نەیویسـتووە کـەس بزانێـت. ژینگـە و فـەزای شـەڕ و تـرس هێنـدە کاریگەرییـان لەسـەر کامـۆ بەجێهێشـتووە، تەنانـەت ڕەنگدانـەوەی لەسـەر خەونەکانیشـی هەیـە، کامـۆ پاسـکیلێکی سـەوزی هەبـوو، کـەوەك هـەر منداڵێکـی دیکـە خۆشـی لێدەبینـی، شـەوێك لـە خەونییـدا بـە پاسـکیلەوە دەکەوێتـە نێـو بازگەیەکـی چەکدارانـەوە ((**بەرلـەوەی بگەمـە خاڵـی پشـکنین، زۆر میـزم دەهـات. دەی ئەمجـار چـی بکـەم؟ سـەرم لێشـێوا. ... لـە پـڕ دەنگێکـی تـووڕە و وشـك هاتـە گوێـم: - لەجێـی خـۆت ڕاوەسـتە! ڕاوەسـتام. بەتەواویـی لـە بەرمیلەکانـی خاڵـی پشـکنین نزیـك ببومـەوە. ڕەنگـی ئـاڵای شۆڕشـی سـووریام دیـت بەسـەر بەرمیلەکانـەوە. لـە ژوورێکـی بچووکیـش دەنگـی گۆرانییەکـی تورکـی دەهـات و ئاوێتـەی گرمەگرمـی فڕۆکـەکان دەبـوو. پیاوێکـی ڕیشـگرژ بەجلـی بەڵەکـی سـەربازییەوە لـە پشـتم ڕاوەسـتا. ... باسـکیلەکەمی گـرت و بـە تووڕەییـەوە پرسـی: - ئـەم باسـکیلەت لـە کـوێ دزیـوە؟ - نەمدزیـوە. هـی خۆمـە. باوکـم بۆمـی کڕیـوە. - هـەی نەحلـەت لـە باوکـت درۆزن. ئەمـە باسـکیلەکەی حەمـزەی کوڕمـە. ئینجـا بـە زللـە بـەر بـووە سـەروچاوم. ئەوەنـدە تونـد لێـی دام کـە لـە ترسـان میـزم بەخۆمـدا کرد.**)).(**ڕێـبـڕەوی ئـارام: ١١٤ - ١١٥**). کاتێـك کامـۆ بـە ئـاگا دێتـەوە، ئەوجـا دەزانێـت ئـەوە

خەون بووە، بەڵام دیسان وەك جاران میزی بەخۆیدا کردووە. ترس و دڵەڕاوکێ کاریگەری زیاتر لەسەر ناوەوەی مرۆڤ بەجێدەهێڵن و لە کاتی نائاگاییدا خۆیان نمایش دەکەن.

کامۆ تەنیا کێشەی دەروونی نەبوو، هاوکات جەستەشی دەردەدار بوو، ئەو کاتانەی لەگەڵ خاڵۆیدا لە نێو تراکتۆرەکەدان، خاڵی سەرنجی پێستی جەستەی کامۆ دەدات و دەڵێت ((- ئەستۆت کامۆ، ئەستۆت! **وەك کۆتەی دارێکی پیر دیارە. ئەوە چییە؟ من دەستم برد بۆ ئەستۆم و دیتم زۆر زبر بووە. پاشان ئاسەواری سپی بوونم بەسەرپەنجەمەوە دیت. - دەترسم ببمە ماسی. دوای ئەوەی زانیم پێستم وەکو پووڵەکەی ماسیی لێهاتووە بە پێکەنینەوە وەڵامی خاڵۆم دایەوە. خاڵۆم بە جیددی وەڵامی دامەوە. - خۆ من گاڵتە ناکەم کامۆ. ئادەی با سەیری کەم. ئەی خوداااا. پێستت وشك بوو، ترەکیوە و سپی بووەتەوە. دەترسم نەخۆشیی سەدەفت گرتبێ. من دکتۆر نیم، بەڵام ئەمەش ئاسایی نییە. لە حەڵەب دەتبەم بۆلای دکتۆرێکی پسپۆڕی پێست)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٣٢).** ئەم حاڵەتی وشکبوونی پێستە لە جەستەی کامۆدا درێژەی دەبێت تائەو کاتەی دەبێتە پارچەیەك تەباشیری گەورە. جان دۆست بە وەگێڕێکی هەمووشتزان لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا خوێنەر بەکۆتاییەکەی ئاشنا دەکات، کە کامۆ لەبن خیوەتی کەمپەکەدایە و دەنگی دڵۆپە باران وردەوردە دەڕژێتە سەربانی خێوەتەکە. وەگێڕی هەمووشتزان باس لەو ساتانە دەکات کە ئیدی نەخۆشی پێست سەراپای جەستەی کامۆی داگرتووە و خەریکە دەبێتە تەباشیرێکی گەورە **((کاتێك هێدی هێدی خلیسکایە نێو هەنگوینی خەو، کەوڵاوکەوڵ بوونە سەیرەکەشی دەستی پێکرد. سەرەتا لاقەکانی وشك بوون، هەستی کرد ئەنگوستی هەر دوو لاقی دادەوەرێت و وەك پارچەی تەبەشیر دەڕژێتە خوار. پاشان هەردوو ڕانی وشك بوون، هەردوو پێکەوە نووسان و وشکبوونەوە و بەرەو ژوور هەڵکشا، ڕانەکانی، سمتی، پیاوەتییەکەی کە وەك پارچەیەك تەبەشیری لێهاتبوو، زگی و سینگیش وشك بوون. قامکەکانی دەستیشی وشکەوە بوون و داوەرین. وەك ئەوەی ڕەشەخەونێك ببینێ، بەڵام هیچ نەدەترسا. ئەوەندەی دەیتوانی سەری بەرزکردەوە و بەکەیفەوە سەیری ئەو کەوڵاوکەوڵ بوونەی دەکرد کە لە جەستەیدا ڕووی دەدا. ئەو گۆڕانە چێژێکی خۆشی هەبوو کە لە هیچ چێژێکی دی نەدەچوو. شتێکی نائاسایی بوو کە لەشی ببێتە تەبەشێر و خۆیشی چێژ لەمە وەربگرێ! کامیران دەیویست ئەم کەوڵاوکەوڵبوونی جەستەیە قەت ڕانەوەستێ. هیوای دەخواست زەمان لەو ساتەدا ڕاوەستێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو خۆشییە مەزنە بە قامکە تەبەشیرییەکانی بگرێ)).(ڕێڕەوی ئارام: ٦ - ٧).** جان دۆست لەم دیمەنی دۆنادۆنەدا، کەوتووەتە ژێر کاریگەری ڕۆمانی (بەدگۆڕان) ی کافکاوە، کە گریگۆر سامسای پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و تراژیدیاکانی ئەو کاتە دەست پێدەکات کە دەبێتە زیندەوەرێکی قێزەون، بەڵام لای کامۆی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامی جان دۆست بە پێچەوانەوەیە و چێژ لەو ساتانە وەردەگرێت کە هێدی هێدی ئەندامەکانی جەستەی وشك دەبن و دەبێتە تەباشیر، بۆیە حەز دەکات زەمەن لەو ساتەدا ڕابووەستێت، چونکە ئیدی کامۆ ((**بووە تەبەشیرێکی قەڵەو و درێژی سەد و شەست سەنتیمی. گەلێك شت تێیدا گۆڕدرابوو. ئەو ببووە کەسێك لە جیهانێکی دیکەوە کە زەمانی فاکتەرە سروشتییەکانی دیکە نەیاندەتوانی کاریگەری لێبکەن. پارچەیەك تەبەشیری مەزن کە بە ئارامی لە ژێر لێفەدا ڕاکشاوە)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٠).** کامۆ بۆیە دەیەوێت ئەوساتی دۆنادۆنە بە هەمیشەیی بکات، بۆ ئەوەی لەم دنیا پڕ لە ژان و ئازارە دەربازی بێت، چونکە چی دیکە بەرگەی ئەو هەموو خەمە ناگرێ، لێرەدا کامۆ مەبەستییەتی خۆی لەو کۆمەڵگەیە بێ بەری بکات و ببێتە پارچە تەباشیرێکی بێ گیان، کە هیچ پەیوەندی بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە نەمێنێت، بەو بیانووەی کە کۆمەڵگە بەها مرۆڤایەتییەکانی تێدا نەماوە. کامۆ لەگەڵ ئەوەی مێردمنداڵێکە، بەڵام تێکەڵاویی و بزۆزیی ئەزموونی زۆریان پێدا بوو. کامۆ خەمێکی گەورەی ئینسانی هەبوو، هەر بۆیەش پرسی بوون و بەهای مرۆڤ ئەو نامۆیی و شکستانەی کە مرۆڤەکان

بەدەستیەوە دەناڵێنن، بیوونە خەمی گەورەیی و هەرگیز بێ بەهاکردنی مرۆڤی پێ قبووڵ نەبوو، بۆیە خەونی بە دنیایەکی جوانترەوە دەدیت بۆ مرۆڤەکان. لافاو ناوی کۆتا بەشی ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامە، کە باوبۆرانێکی توند لەشەودا تاکو بەرەبەیان کەمپەکە دەگرێتەوە، لەم ساتەدا کامۆ لەنێو جێگەکەیدایە بووەتە تەباشیرێکی گەورە، توانای جوڵەی نییە، تەنیا بە هەستەکانی دەتوانێ تەماس لەگەڵ دەوروبەریدا بکات، لەو کاتەدا خاڵۆعەلی لە ناو جێگەکەی هەڵدەستێ و بە پەلە سەیری دەرەوە دەکات، کە بزانێ چی دەگوزەرێ ((- **یا ستار یا ستار. خۆ کەمپەکە ئاو بردی. ئینجا بانگی لە هەمووەمان کرد: - هەستن لافاو هەستاوە. لەیلا، کامۆ، ئالان. دە هەستن دەی... - کەمپ ئاوبردی. مەخەوە ئالان. هەستە کامۆ، هەستە یارمەتی دایکت و ئالان بکە. ئێستا لافاو دەمانبات.**)).(**ڕێڕەوی ئارام: ١٩١**). دوای ئەوەی خاڵۆعەلی و لەیلا و ئالان خۆیان ڕزگار دەکەن، کامۆش وەك پارچە تەباشیرێکی گەورە سەر ئاو دەکەوێت ((**لافاو لە کەمپ دووری خستمەوە. هەستم کرد ئیدی هێدی هێدی دەتوێمەوە. - من لە کلس دروست کراوم. کلسیش لە ئاودا دەتوێتەوە. من ئێستا پارچەیەك تەباشیرم کە لافاو دەمبا. یانی دەتوێمەوە! کۆتاییەکەم گەیشتووە. بیرم لە کۆتایی خۆم کردەوە.**)). (**ڕێڕەوی ئارام: ١٩٤ - ١٩٥**). ئەم لافاوەی کۆتایی ئاماژەیە بە ڕاماڵینی هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە لە جەنگەوە کەوتبووەوە، ڕاماڵینی هەموو ئەو نادادی و توندوتیژیی و شەڕانگێزییەی کە جیهانی تەنیوە. بەجۆرێك جیهانێکی دژە ئینسانی خوڵقاندووە، کە مرۆڤی زۆر لە سروشتی خۆی دوورخستۆتەوە، بۆیە ئەم لافاوە ئاماژەیەکە بە ڕاماڵینی هەموو ئەو پیسی و ناشیرینییەی کە لە ئەنجامی کردەوە دژە مرۆییەکان دروستبووە. بەو هیوایەی ئەگەر نەوەیەك مایەوە و لەو لافاوە ڕزگاریان بوو، جارێکی دیکە هەمان ڕابردوو دووبارە نەکەنەوە و پەندی لێ وەربگرن، دنیایەکی نوێ لەسەر بنەمای هیومانیزم بونیاد بنێنەوە.

٢. **بێ بەهاکردنی مرۆڤ:** کاتێك مرۆڤ ژینگەکەی دەشێوێنرێت و مافەکانی لێ زەوت دەکرێت ئیدی هیچ بەهایەك وەکو خۆی نرخی نابێت، بەڵکوو هەموو پێوەرەکان ژێر پێ دەخرێن. کامۆ بەمجۆرە دەردی دڵی خۆی بەیان دەکات ((**شەڕ فێری کردم هەموو شت خاوەن هەستە، لێ جگە لەوە، شەڕ فێری ئەوەشی کردم کە شتی هەرە بێنرخ و خراپ لای مرۆڤەکان لە کاتی شەڕدا خودی خۆیانن**)).(**ڕێڕەوی ئارام: ١٥**). شەڕ ژینگەیەکی هێندە قێزەون لە کۆمەڵگەدا دەخوڵقێنێت، کە کوشتن و لە ناوبردنی مرۆڤ دەبێتە حاڵەتێکی ئاسایی و هەندێکجار دەگاتە ڕادەیەك بەمردوویش ڕێز لە شکۆی مرۆڤ ناگیرێت. کامۆ لەگەڵ ئەوەی تەمەنی منداڵە، بەڵام داکۆکی لە مافی خۆی لە ژیاندا دەکات. ئەوەتا بە گەورەکان دەڵێت ((**هۆ گەورەکان! ئێوە ئێمەتان بۆ ئەوە نەهێنایە دونیا کە بمانخەنە نێو ئاگری شەڕ و ناکۆکیی خۆتانەوە، ئێوە ئێمەتان نەهێنایە دونیا کە بە ڕقەبەری و کینەوەری بەخێومان بکەن. ئێمە دەزانین کە ئێوە ئێمەتان بۆ کەیفی خۆتان هێنایە دونیا، دە ئیتر کەم منەتبارمان بکەن. بە ئێوەبێ ئێمە منداڵین و قەت هیچ نازانین؟ ئێمە وەك جیلی ئێوە نین ... ئێمە جیلی موبایل و ئینتەرنێتین**)).(**ڕێڕەوی ئارام: ٤٦ - ٤٧**). کامۆ لە بری هەموو منداڵانی نێو زەمینەی جەنگ داوادەکات ڕێز لە شکۆ و تایبەتمەندییان بگیرێت، چونکە ئیدی ئەوان نەوەیەکی جیاوازن نایانەوێت وەك باوانیان بژین، ئەوان هی سەردەمێکی نوێن، کە نەفرەت لەشەڕ دەکەن. نایانەوێت ئەزموونی پێشین دووبارە بکەنەوە، چونکە ئینسانیەتی تێدا نییە. لە دیمەنێکدا کاتێك خاڵۆنەعسۆ بەتوڕەییەوە سەرزەنشتی خاڵۆ عەلی دەکات و پێی دەڵێت ((**- ئێوە شەڕانتان جێ هێشت و هەڵاتن؟ ئێوە ئەوێتان بۆ کەمتیارەکان جێ هێشت و هاتن لە عەفرین بوونە کۆچبەر ؟ بە خوا عەیبە. ... خاڵۆ عەلی هەندێك تووڕە بوو و گوتی: - خاڵۆ نەعسۆ ئێمە هەڵهاتین چونکە ئێمە خەڵکی مەدەنین، بەڵام هەڤاڵان خۆڕاگرییان کرد، تەنانەت زۆریشیان شەهید بوون. مەگەر پێویستە من ئەمانەت پێ بڵێم؟ - گاڵتەم کرد خوشکەزا، نامەوێ**

**شەهیدەکانم بۆ بژمێری. خۆم لە تۆ باشتر دەزانم چ دەقەومێ. دەزانم کە ئامریکا و ڕووسیا عەفرینەکەی ئێمەی فرۆشتە تورکان. لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی شام ساقی و باقییان پێکرد. ئەم شەڕەی ئێستای سووریا بازاڕێکی گەورەیە. بەداخەوە خوێنی شەهیدانی ئێمەش لە هەموو شت هەرزانتر بووە لەم بازاڕی سیاسەتەدا)). (ڕێڕەوی ئارام: ٩٣ - ٩٤).** لەم دایەلۆگەدا خوێنەر درك بەو گەمە گەورەیەی زلهێزەکان دەکات، کە چۆن لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا سڵ لە هیچ ناکەنەوەو هەر خەریکی مامەڵەی ژێر بە ژێرن، لەم پێناوەشدا بەها ئینسانییەکان ژێر پێ دەخەن و خوێنی گەنجی کورد بە هەدەر دەدەن، کە ئەمە گەورەترین بێ ویژدانییە بەرانبەر نەتەوەی کورد، دنیای ئەمڕۆ پڕە لە بێ ویژدانی و هیچ ڕێز و شکۆیەك بۆ مرۆڤ دانانرێت، ڕۆژانە گەنجانی گیان فیدای کورد شەهید دەکرێن و دەبنە قوربانی، کەچی لە بەرانبەردا زلهێزەکان و هاوسۆزەکانیان کەمترین ماف بە کورد ڕەوانابینن، تەنیا لە بیری پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان.

**٣. لادانی کۆمەڵایەتی:** جان دۆست لە ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامدا خوێنەر بە کەسایەتیەك ئاشنا دەکات بە ناوی مەزییەت **((بێوەژنێکی بیست و پێنج ساڵان بوو و منداڵی نەدەبوو. مێردەکەی سەربازێکی ئەرتەشی سووریا بوو و لە سەرەتای شەڕدا ... کوژرابوو و ماڵەکەی بۆ ئەو مابووەوە. لەو کاتەوە لە چەك و ئەوانەی چەکیان هەڵدەگرت نەفرەتی دەکرد. ویستبووی خۆی بکوژێ، بەڵام نەیتوانیبوو. هەوڵیشی دابوو لەگەڵ خەڵك بچێتە ئەورووپا، بەڵام سەری نەگرتبوو. ژنێکی سەیر بوو ئەو)).(ڕێڕەوی ئارام: ٥٦).** ئەم ژنەش یەکێکی دیکەیە لە قوربانییەکانی نەبوونی بەها و پرەنسیپی هیومانیزمی، مەزییەت هاوسەرەکەی لە دەست دەدات و بەتەنیا دەمێنێتەوە، ئیدی دەکەوێتە بارودۆخێکی دەروونی ئاڵۆزە و هەوڵی خۆکوشتن دەدات، بەڵام سەرکەوتوو نابێت. کاتێك ماڵی کامۆ ئاوارە دەبن، دەبنە جیرانی یەکدی، هاوڕێیەتییەکی بەهێز لە نێوان دایکی کامۆ و مەزییەتدا پەیدا دەبێت، هاتوچۆ و تێکەڵاوی زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێت. ئەم تێکەڵاوییە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کە مەزییەت کامۆ بەکاربهێنێت بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆی، هەرچەندە مەزییەت دە ساڵ لە کامۆ گەورەترە. ئیدی دوای ئەوەی مەزییەت کامۆ دەباتە ژووری نووستنەکەی و پێکەوە چەند ساتێکی خۆش بەسەردەبەن. ئەم دایەلۆگە لە نێوانیاندا درووست دەبێت، مەزییەت بەکامۆ دەڵێت:

**((- زۆر خۆش بووی بچکۆلەکەم. وەك پیاوێك خۆش بووی. من بێدەنگ مامەوە، ئەو درێژەی دا: - شەرم مەکە بچکۆلەکەم. ئەمڕۆ تۆم وەك مێردی خۆم ڕاگەیاند. ئێمە بەردەوام کاتی خۆش و هەنگوینی دەژین ئەگەر تۆ بتەوێ. تۆ تەنیا دەبێ ئەم ڕازە بشاریتەوە. ئەمە ڕازی من و تۆیە. نابێ کەسی دی بزانێ. باشە. - باشە)).(ڕێڕەوی ئارام: ٦٣ - ٦٤ ).** ئیدی مەزییەت و کامۆ زۆر ڕۆژانی دیکەی هەنگوینی بەسەر دەبەن. لە دیدارێکیاندا مەزییەت بە کامۆ دەڵێت **((- لە شەڕی لەشی هەردووکماندا، یارە بچووکەکەم، سەرکەوتوو و تێکچوو بوونی نییە. باش سەرنج بدە، ڕاستە دوو لایەن هەیە: شەڕ و لەش. بەڵام هەردوو لەشەکە سەرکەوتوون ... ئێمە لە شەڕی سەر نوێنان بە سەر ئەو شەڕە قەحبەدا سەردەکەوین. جەبهەی شەڕی ئێمەش ئەم تەختە گەورە ڕازاوەی منە. دوو لایەنی شەڕیش، لەشی تۆ و منە. هەرچۆنێکیش بێ هەر سەرکەوتوون. جگە لە شۆڕشی سەر نوێنان، هیچ شۆڕشێکی دی بوونی نییە. هەموو شۆڕشەکانی دی درۆ و قسەی قۆڕن)).(ڕێڕەوی ئارام: ٦٦ - ٦٧).** مەزییەت خاوەنی ڕوانگەیەکی تایبەتە و باوەڕی بە هیچ شەڕێك نییە، شەڕی سەر تەختی نووستن نەبێت، چونکە پێی وایە لەو شەڕەدا هەردوو لایەن براوەن و کەس شکست ناهێنێت، بۆیە بەپیرۆزی دادەنێت. واتە مەزییەت دەیەوێت ئەوەی شەڕ لێی وەرگرتووەتەوە لەسەر تەختی نووستنەکەی بەدەستی بێنێتەوە. بەم شێوەیە نێوانی کامۆ و مەزییەت بەردەوام دەبێت، بەڵام کامۆی مێردمنداڵ بە هۆی مەزییەتەوە فێری نێرگەلەکێشان و عارەق خواردنەوە دەبێت. کە هەموو ئەمانە لادانە لەنەریتی باوی کۆمەڵگە و دوورە لە بەهاکانەوە، ئەگەرچی کامۆی مێردمنداڵ لەلایەن

مەزییەتی بێوەژنەوە لە خشتەبراوە و بووەتە قوربانی، بەڵام لە ڕاستییدا هەردووکیان قوربانی سیستەمێکن، کە هەم هاوسەرەکەی لە مەزییەت وەرگرتووەتەوە و بووەتە قوربانی شەڕێکی بێ مانا، هەم ماڵی کامۆی لە زێدی خۆی هەڵکەندووە و بەو ڕۆژگارەی گەیاندوون، کە ژیان لە ئاوارەییدا بگوزەرێنن. ئەم لادانانە هەموو دەرئەنجامی شەڕە بێ کۆتاکانی ئەو مرۆڤانەیە کە لە هەموو بەهاکان داماڵراون و هەمیشە دۆزەخی شەڕیان هەڵایساوە و خەڵکانی سڤیل هەڵدەلووشێ. ئەمڕۆ جیهان بەهۆی ڕێزنەگرتن لە ئیرادەی مرۆڤەوە بەرەو نغرۆبوون هەنگاو دەنێت، خەریکە شیرازەی کۆمەڵگەکان لەبەریەك هەڵدەوەشێت. مرۆڤەکان ناتوانن وەك پێویست مومارەسەی غەریزە ئینسانییەکانی خۆیان بکەن، بۆیە دووچاری لادان و ڕووخان و شکستی دەروونی دەبنەوە، هەروەك لە کەسایەتی مەزییەتدا خوێنەر ئەم نەهامەتیانە دەچنێتەوە، ئەم قورساییانەش لەسەر شانی تاك سەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دواجار مەزییەتیش خۆی دەکوژێ و ئەم دنیا پڕ ئازار و ناسۆرە بەجێدەهێڵێت. ئەوەتا کامۆ دەڵێت مەزییەت ((**گەورەترین خەمی ئەوە بوو کە بە هەر نرخێك بێ شەڕ بگۆڕێ بۆ شاییەکی مەزن**)). **(ڕێڕەوی ئارام: ٧٣)**. ئەم جیهانبینییەی مەزییەت باوەڕی پێی هەبوو سەبارەت بە جەنگ، ئەگەرچی لە ژیاندا بۆی نەهاتەدی، یەکێکە لە پرەنسیپەکانی هیومانیزم بۆ تێپەڕاندنی سیمای نەگریسی شەڕ و دۆزینەوەی هیوایە لە نائومێدیدا. ڕاستە مەزییەت بەویستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت، بەڵام نابێت ئەو هۆکارانەی کە ڕەنگدانەوەی لەسەر گۆڕینی ڕەوتی ژیانی هەبووە بە هەند وەرنەگیرێت، چونکە مەزییەتی شۆخ و شەنگ قوربانییە لەلایەك بەدەست جەنگ و لەلایەکی دیکەوە بە دەست کۆمەڵگە و فشارەکانییەوە، کە لە هەموو لایەکەوە وەکو نێچیر پەلاماری دەدەن.

**٤. ئاریشەی نەتەوەیی و ئازادی:** زێد و خاك یاخود نیشتمان لای هەموو کەس پیرۆزی خۆی هەیە، بەڵام لای تاکی کورد پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە، چونکە قوربانی زۆری بۆداوە لەسەر زێدی خۆی دووچاری پاکتاوی جەستەیی و کلتووری و بایۆلۆژی و ئابووری بووەتەوە، بەڵام کۆڵی نەداوە و بەردەوامە، یەکێکە لە گەورەترین ئەو نەتەوانەی تاکو ئێستا خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆی نییە، بۆیە لە هەر یەکێك لەو پارچانەی کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە بە درێژایی چەندین سەدە بە بەبێ ویستی خۆی جوگرافیاکەی بووەتە گۆڕەپانی جەنگی گەورەی ئیمپراتۆریەتەکان، لە سەدەی بیستیشدا ڕووبەڕووی چەندین جۆر لە توندوتیژی و ستەم و بێ مافی بووتەوە، بەجۆرێك لە سادەترین مافە ئینسانییەکانی خۆی بێ بەشکراوە، کێشە نەتەوایەتییەکانی کورد زیاتر خۆیان لە نەبوونی ئازادییدا بەرجەستە دەکەن، چونکە ئازادی یەکێکە لەبەهاسەرەکییەکانی هیومانیزم، نەك تەنیا بۆ مرۆڤ، بەڵکوو بۆ تەواوی بوونەوەرانی نێو سروشت. ناوچەکانی ڕۆژاوای کوردستان وەك بەشێکی سەرەکی کوردستان، ساڵانێکی زۆرە باجی نەبوونی ئازادی دەدات، بەهۆی جەور و ستەمی ڕژێمی بەعسی سورییەوە لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و ئینسانی بێ بەشکراون، بەڵام دواتر کە ڕاپەڕینەکانی خەڵکی سوریا دژی دەسەڵات دەستپێدەکات، ناوچە کوردییەکانیش ئازاد دەکرێن و دەکەونە ژێر ڕکێفی کوردانی ڕۆژاواوە، بەڵام ئەو ئازادییە زۆری نەخایاند و دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمی و هاتنە پێشەوەیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، کە هەمووی خۆی لە دژی کورددا دەبینێتەوە، کە بەمافە ڕەواکانی بگات، جارێکی دیکە دەکەونەوە بەرشاڵاوی گروپە توندڕەوەکان و ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و ڕاونان و ئاوارەیی و زەوتکردنی ئازادییەکانیان دەبنەوە، جان دۆست لە ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامدا زۆر بەکارامەیی و بەشێوازێکی ئیستاتیکی وێنای ئەو هەلومەرجە دژوارەی کێشاوە، کە کوردانی ڕۆژاوا لە دوای ساڵانی٢٠١٤ تاکو ٢٠١٨ بەدواوە تێیدا ژیاون و تائێستاش بەردەوامی هەیە. بەهۆی دەستێوەردانی تورکیا و گروپە چەکدارەکانی لایەنگری، کەچ تراژیدیایەکیان بەسەر شارە کوردییەکاندا هێناوە بە تایبەتی عەفرین، واتە جان دۆستی ڕۆماننووس لە ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامدا ئەو تراژیدییە ئیسانییەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە کورد قوربانیەکەیەتی و

بەبەرچاوی دنیا و نەتەوەیەکگرتووەکانەوە کورد قڕدەکرێت و لەسەر زێد و خاکی خۆی ئاوارە دەکرێت. کامۆ وەرگر بە دیمەنی کەژاوەیەك ئاشنا دەکات، کە تەرمی پێنج شەهید بەرەو دوامەنزڵگەیان بەرێدەکەن ((**پێنج دارەتەرم لەسەر عەرز بوو، پێنج گۆڕیش ئامادەبوون. هەر دارەتەرمێك ئاڵایەکی ڕەنگینی یەپەگەی تێوە پێچرابوو و لە پێشەوەی دارەتەرمیش وێنەیەکی شەهیدەکە هەبوو. هەندێك ژنی ڕەشپۆش خۆیان دابوو بەسەر دارەتەرمدا و دەگریان. یەکی سمێڵ ئەستووریش لەوێ بوو و بەڵێنی تۆڵە سەندنەوەی دەدا**)).(ڕێڕەوی ئارام: ٤٨). کورد لە پێناو پاراستنی سەروەری خاك و نیشتمانەکەیدا، هەمیشە قوربانی داوە و شانازیی بە قوربانیەکانییەوە دەکات، چونکە لەسایەی خوێنی شەهیدان و فرمێسکی دایکانی جگەر سووتاودا ئازاد و سەربەرز دەژین. (عەلی) کەسایەتییەکی نێو ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامە، خاڵی کامۆیە و بە خاڵۆم ناوی دەبات، خاڵۆ عەلی گەرچی تەمبوور ژەنێکی بە توانا و خاوەنی دەنگێکی سازگارە، بەڵام بەردەوام جنێو دەدات. دەربڕینەکانی هەمیشە پڕن لە جنێوی بازاڕی، ئەم زمانە زبرە دەرئەنجام و ڕەنگدانەوەی ژینگەی جەنگە، کە بێ ئومێد بووە، چونکە پێی وایە مرۆڤ لەو ژینگە سەختەدا هەردەبێ بەڕەقی مامەڵە بکات، بۆیە ئامۆژگاری کامۆی خوشکەزای دەکات و دەڵێت ((**ئەم چەند قسەیە لە خاڵۆی خۆت ببیسە: تۆ دەتوانی حەز لە تورك نەکەی. لەوانەیە ئەمە فەڕزێکیش بێ. تورك تیر خۆیان زوڵمیان لێت کردووە و ئازاریان داوی، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە لە داخی ئەوان بانگ لە کەسێکی دی بکەی کە ئەویش تیری خۆی زوڵمی لێت کردووە. نابێ کەسێك لەوی دی بە باشتر بزانی و هەستی سەمای بۆ بکەیت و وەك قەحبەی هەرزانی سەر شەقام قوونی بۆ با بدەی. تۆ ڕۆشنبیرێکی کە دەبێ شمشێرەکەت بە رووی زۆردارانـدا هەڵکێشی بێ ئەوەی ڕەچاوی ڕەگەز و ئایینی خۆت بکەی. پیاو پیاوە**)).(ڕێڕەوی ئارام: ٧٠). خاڵۆعەلی بە کامۆ دەڵێت دوژمنەکانی کورد چی ماوە بەسەرماندا نەهێنن، هەموویان گورگن، هیچ جیاوازییەکیان نییە، تەنیا ڕەنگیان جیاوازە، بۆیە دەبێت مافەکانی خۆت بە دەستی خۆت بسەنیت، نابێت سازش لەسەر کێشەی ڕەوای نەتەوەکەت بکەیت. لە نائامادەیی هیومانیزمدا ئیدی ململانێی ڕەنگ و ڕەگەز و ئایین دێتە پێشەوە و دوژمنی کینە لە دڵ هەمیشە هۆکاری بۆ شەڕەکانی هەیە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی کەمترین لایەنی مافی مرۆڤ بکات.

یەکێك لە تایبەتمەندییە ئیستاتیکی و هونەرییەکانی ڕۆمانی ڕێڕەوەی ئارامی جان دۆست، سپاردنی کەسایەتییە بە دار زەیتوونەکان، کە عەفرینی پێ ناسراوە، ڕۆماننووس زۆر بە کارامەییەوە ئەو هەستە بە خوێنەر دەگەیەنێت، کە دار زەیتوونەکان لە کاتی نزیکبوونەوەی هێرشەکانی تورکیادا بۆ سەر عەفرین، شێوەیان دەگۆڕێ و وەك ئەوەی ئەوانیش پێشبینی هاتنی مەترسییەك بکەن ((**لەگەڵ هەڕەشەکانی تورکیا، تۆفانێکی بەهێز هەڵیکرد و دەنکی زەیتوونی سوور وەك دانەی یاقووت کەوتنە بەری. - دەبێتە ڕۆژی حەشر. هەندێك کاتێك ئەمەیان دیت بەترسەوە وەهایان گوت. دار زەیتوونێك نەما کە جلەکانی لەبەر دانەکەنێ. ڕەشەبایەکی سەیر هەموو دارەکانی ڕووتاندەوە. هەر دارێکت دەدیت، ڕووت بوو. تەنیا دەنکە زەیتوونی سووری سیس بە دارەوە مابوون ... خاڵۆم گوتی: - زەیتوون دارێکە ساڵ دوانزەی مانگ سەوزە. ئەم ڕووتانەوەی دارانە سەیرە و قەت نایەتە فامکردن! ... خاڵۆم دیسان گوتی: - لە هەمووشیان سەیرتر ئەو دەنکە خوێنیانەیە. ئەوانە ڕاست وەك دڵۆپی خوێنن کە بە لقەکانەوە شۆڕ بوونەتەوە. تێناگەم. زەیتوون کەمێك ڕەش دەبن، خاڵی سوور یان قاوەییان تێدا پەیدا دەبێ. لێ قەت ئاوا سوور نابن، نا. تێناگەم.**)).(ڕێڕەوی ئارام: ٧٣ - ٧٤). ڕۆماننووس لە خوڵقاندنی ئەم دیمەنە فەنتازیانەدا بەردەوامە، کە زەیتوونەکان پێشبینی مەرگی خۆیان لە زێدی خۆیاندا دەکەن. کامۆ کاتێك لەگەڵ ئالانی برایدا بە پایسکیل بە نێو باخە زەیتوونەکاندا دەڕوات. دەڵێت لە پڕ ((**دەنگێك وەك دەنگی گریانی ژنێك هاتە گوێمان. کەس لەوێ نەبوو. تا چاو هەتەری دەکرد داری زەیتوون بوو لە ڕێزدا و پڕ بوون لە زەیتوونی سوور. تاقە یەك کەسیش لەوێ نەبوو. لەپڕ هەسکەهەسکێك تەواوی باخی گرتەبەر. دار هەر هەموویان دەگریان**)).

**(ڕێڕەوی ئارام: ٧٥).** دوژمنەكانی كورد، تەنیا دژی مرۆڤی كوردنین، بەڵكو دژی ژینگە و سروشتەكەشین. لە هەموو هەستێك خاڵین، سۆزیان بۆ هیچ شتێك نییە، تەنیا شەڕ و كاولكاری نەبێت، بۆیە گۆڕینی ئەم عەقڵێتە پێویستی بەجوڵانەوەیەكی هیومانیزمی بەهێز هەیە تاكو پەروەردەی ئینسانی و مرڤدۆستی بكاتە كلتوور و فێری خۆشەویستی ژیانیان بكات.

وابەستەبوون بەخاك و زێدەوە بریتییە لە ناسنامەی بوونی تاك، بۆیە مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری بێت، واتە مرۆڤ بەجۆرێك وابەستەی خاكە، كە ئەستەمە بتوانێت لێی جودا بێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر بەزۆرە ملێش بێت. كامۆی وەگێڕ بە كەسایەتییەكی دیكەی نێو ڕۆمانەكەمان ئاشنا دەكات، ئەویش خاڵۆنەعسۆیە **((چەند ڕۆژی پێنەچوو عەفرینش گەمارۆ درا. تورك گوتیان ئەرتەشەكەیان ڕێیەكی ئارام و هێمنیان بۆ خەڵكی مەدەنی كردووەتەوە كە پێیدا لە شار بچنە دەر. - ڕێیەكی هێمن ؟! - خاڵۆ نەعسۆ، ئەوەی كە ئێمەی لە ماڵەكەیدا حەواندەوە، بەتووڕەییەوە وەهای گووت و بەردەوام بوو: - تورك سەدان ڕێی هێمن بكەنەوە من لە عەفرین دەرناچم. ئەوە پلانێكی كرێژە كە دەیانەوێ شار لە خەڵك چۆڵ بكەن بۆ ئەوەی بە كەیفی خۆیان لە شەڕڤانەكانمان بدەن. جا ئێمە بۆ كوێ بچین؟ جا ئێمە خەڵكی كۆبانیمان بیر چووەتەوە؟ چییان بەسەر هات دوای ئەوەی هەڵهاتن؟)).(ڕێڕەوی ئارام: ٨١ - ٨٢).** خاڵۆنەعسۆ پیاوێكی بە تەمەن و دنیا دیدەیە، ئەزموونی زۆر دیوە، بۆیە ئامادە نییە خاكی خۆی بەجێبهێڵێت و ڕێگەی ئاوارەیی بگرێتە بەر، ئەو پێی وایە بوونی مرۆڤ بەخاكەكەیەوە پەیوەستە. كامۆی وەگێڕ پەیامێكی خاڵۆنەعسۆ بەگوێی وەرگردا دەدا **((ماڵی خاڵۆ نەعسۆ لە نزیك شوێنی چاككردنی ئۆتۆمبیل لە مەیدانی كاوەی ئاسنگەر بوو ... خاڵۆ نەعسۆ هەمیشە دەیگوت: - تاكاوە لە جێی خۆی بێ عەفرین هیچی لێنایێ)).(ڕێڕەوی ئارام: ٩٣).** لێرەدا ڕۆماننووس پەیكەری كاوەی ئاسنگەر لە عەفرین دەكاتە ڕەمزی خۆڕاگری و مانەوەی كورد، هەروەك ڕۆماننووس ئەم جیهانبینییەی خۆی لەدیدی خاڵۆنەعسۆدا بەرجەستەكردووە، واتە پەیكەری كاوەی ئاسنگەر ڕایەڵەیەكە، كە مێژووی كۆن و نوێی كورد پێكەوە دەبەستێتەوە و ئاماژەیەكە بۆ هەڵاتنی ڕۆژێكی نوێ و شكستی زۆردار و داگیركەر.

**٥. جەنگ و لێكەوتەكانی:** لە جەنگدا هیچ پیرۆزییەك نامێنێت، شار بۆنی خوێن دەگرێت و دەبێتە وێرانە، بێتاوان و تاوانبار پێكەوە دەبنە قوربانی، ئومێد و خۆزگەی مرۆڤەكان دەبێتە خەونێك و هەرگیز نایەتەدی. لەسەرتاپای ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامدا، خوێنەر لەگەڵ وێنە دزێوەكانی جەنگدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، هەست بەو ژان و ئازارە دەكات، كە لە نێو فەزای ڕۆمانەكەدا هەیە و كارەكتەرەكان بە دەستییەوە دەناڵێنن. كامۆی وەگێڕ خوێنەر بە یەكێك لە دیمەنەكانی شەڕ ئاشنا دەكات **((دیوارەكانی گەڕەكی ماڵی باپیرەم هەموو ڕووخابوون یان خەریك بوو دەڕووخان. دروست نەبوو لەبەر هەندێك دیواریش ڕاوەستین، نازانم بۆ. من خۆیشم لەبەر گوللەباران زۆر نەدەچوومە دەرەوە. گەلێك منداڵان لە كۆڵانان كوژران، هەندێك بەدەستی نیشانەشكێنەكان ئەنگێوران، هەندێك لەژێر پەردووی وێرانەكاندا مردن، هەندێكیش وەك مەیسوونی خوشكم، كە ئێمە بە مەیسۆ بانگمان دەكرد، بە بۆمبارانی فڕۆكەكان مردن)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٣).** ئەمە دیمەنی شارە، كەبووەتە مەیدانی جەنگ و دنیای پڕ لە بەرائەتی منداڵان هەڵدەوەرێنێ و ناهێڵێت بەو تەمەنە بچووكەیانەوە چێژ لە جوانییەكانی وەربگرن، چونكە هەر بەدەرچوونیان لەماڵ دەبنە خۆراكی دڕندەكانی جەنگ. كاتێك هیومانیزم ئامادەیی نابێت، مرۆڤ لەسادەترین مافی ژیان بێ بەش دەبێت. كامۆ دەیەوێت ڕستەیەك بە تەباشیرەكەی بنووسێت **((هەی لە شەڕ نێم. ئەرێ ئەگەر لە دەستم بێ ئەمە لەسەر هەور و ساجی خۆریش دەنووسم، لە سەر... پۆستاڵی سەربازان و كڵاوە ئاسنەكانیشیان... من لەم شەڕە نێم كە مەیسۆی خوشكمی وەك پسكیتێك كردە دوو لەت. من لەم شەڕە نێم كە ماڵی من، ماڵی باوكم، ئارامی و ئاسایشی من، دەبستانەكەم و باسكیلە سەوزەكەشمی لێ ستاند)).(ڕێڕەوی ئارام: ٣٢ - ٣٣ ).** ئەمە هاوار و قیژەی ئینسانە

بـۆ گەیشـتن بـە هیومانیـزم، نەفرەتكردنـە لـەو شـەڕەی كـە ئـاوات و خەونەكانـی هـەزاران خانـەوادەی هەڵـوەران. كامـۆ هەرچەنـدە بـە زمانێكـی زبـر گوزارشـت دەكات، بـەڵام ئـەم زبرییـە زادەی ژینگـەی شـەڕە، چونكـە هەمـوو چـاو و گوێیـەكان كوێـر و كـەڕن و لـە ئاسـت تراژیدیـای نەتەوەیـەك، ئالانـی بـرای كامـۆ كـە وشـەی كۆریـدۆری ئـارام زۆر بـەر گوێـی دەكەوێـت، ئەویـش وەك منداڵێـك ئـەم وشـەی (كۆریـدۆری ئـارام یاخـود ڕێـڕەوی ئـارام) ی لـێ دەبێتـە مەتەڵێـك و دەیەوێـت واتاكـەی بزانێـت، بۆیـە لـە كامـۆی بـرای دەپرسـێ كـە كۆریـدۆری ئـارام چییـە ((**كۆریـدۆری هێمـن هەمـوو شـتە بـەس هێمـن نییـە. ئـالان گیـان! سـەیری كەسـانی نێـو ئـەم ترێلییـە بكـە، هـەر كەسـەو دەردێكـی هەیـە. دەی ئینجـا سـەیری ئـەو هـەزاران تەراكتـۆر و پیكاپـە بكـە. هـەزاران چیـرۆك هەیـە. ئـەرێ. كۆریـدۆری هێمـن یـان تـرس لـەوەی كـە نەگەیتـە جێـی خـۆت. تـرس لـەوەی كـە نازانـی ڕووت لـە كوێیـە. نازانـم ئالانـی بـرام وەڵامەكـەی منـی وەرگـرت یـان نا؟**)).(**ڕێـڕەوی ئـارام: ١٠٠ - ١٠١**). كامـۆ وەڵامێكـی ڕوونـی بـە پێـی تەمەنـی منداڵـی ئـالان نەدایـەوە، چونكـە ئـالان نەیدەتوانـی سـەری ئـەو هاوكێشـانە بەیـەك بگەیەنێـت، هێنـدە نەبـێ كەزانـی كۆریـدۆری ئارامـە، هەمـوو شـتێكە بـەس ئارامـی و هێمنـی تێدانییـە. كامـۆ كـە خـۆی و خانەوادەكـەی زۆرتریـن قوربانـی و ئـازار لـەو جەنگـە نەگریسـەدا بەئـەوان بـڕاوە، لـە بـارەی دایكیـەوە دەڵێـت ((**ئـەو ژنـەی ئـەم شـەڕە گـووە كردوویەتـە نیـوە مرۆڤێـك. ئـەو ژنـەی ئـەم شـەڕە زماندرێـژە، زمـان و قسـەكردنە شـیرینەكەی لـێ سـتاندەوە و ئیـدی ژنانـی ئـەو كەمپـە هەمـوو پێـی دەڵێـن لاڵـێ، لاڵـێ، دایكـی مـن كـە لـە زانكـۆی حەڵـەب بـە بەرزتریـن پلـەوە، لـە بەشـی زمـان و ئەدەبیاتـی ئینگلیـزی دەرچـووە. دایكـم كـە چـوار زمانـی بـە باشـی دەزانـی. لاڵـێ لەیـلای دایكمـە كـە كاتێـك قسـەی دەكـرد هەمـوو كەسـی بـە لۆژیكـە بەهێزەكـەی ڕادەگـرت. بـەڵام ئێسـتا لـە گۆڕسـتانێك بێدەنگترە**)).(**ڕێـڕەوی ئـارام: ١٧٠**). شـەڕ هێنـدە مـرۆڤ مانـدوو دەكات، ئیـدی بـواری هەسـتانەوەی نامێنێـت، چەندیـن ڕۆحـی جـوان و ناسـك دەهـاڕێ و بزریـان دەكات، شـەڕ ئـەو بەڵاییـە كـە زۆرتریـن زیـان بـە مـرۆڤ و سروشـت و ژینگـە و ژیـان دەگەیەنێـت، بـەلای هـەر ئاوەدانییەكـدا تێپەڕێـت دەیكاتـە وێرانـە، كامـۆ زۆر دڵتەنگـە كـە دایكـی ئـاوا دەبینێـت ((**دایكـم هـەر بـە لاڵـی مایـەوە. یـەك وشەشـمان لـێ نەدەبیسـت. لـەو ڕۆژەوەی مەیسـۆ كـوژرا، خاڵـۆم واتەنـی بـووە بەردێكـی وشـك. خاڵـۆم زۆر هەوڵـی دا یارمەتیـی بـدات و بارەكـەی سـووك بكاتـەوە. بـە تەمبـوور ئـاوازی ئـەو گۆرانیانـەی بـۆ دەژەنـد كـە كاتـی زانكـۆ گوێـی لێدەگرتـن. گۆرانیەكانـی فەیـروز... دایكـم گوێـی ڕادەگـرت و تەنیـا بـە فرمێسـك وەڵامـی دەدایەوە**)).(**ڕێـڕەوی ئـارام: ٥٥ - ٥٦**). دایكـی كامـۆ لـە كاتێكـدا بەكالۆریۆسـی لـە زمانـی ئینگلیزیـدا هەیـە و چـوار زمـان دەزانێـت، كەچـی مەرگەسـاتی شـەڕ كردوویەتییـە مرۆڤێكـی لاڵ. ناتوانێـت گوزارشـت لـە نەهامەتییەكانـی بـكات، تەنیـا دەبێـت لـە شـێوە و ڕووخسـاریدا خوێنـەر خەمەكانـی هەڵگرێتـەوە. كامـۆ بـە نیگەرانـی و دڵتەنگییـەوە دەڵێـت، بـە خێمەكـەی ئێمەیـان دەگـووت ((**خێوەتـی لاڵـێ. كۆچبـەر ئـاوا ناویـان لـە خێوەتەكـەی ئێمـە نابـوو. ئـەوان نەیاندەزانی لـەو خێوەتـەدا سـێ كـەس هـەن كـە گەلێـك زمـان دەزانـن ... ئێمـە لـە ناچـاری ئـەو ناسـناوەمان قەبـووڵ كـرد. چـاوەڕوان بوویـن ئـەو شـەڕە قەحبەیـە ڕاوەسـتێ، ئـەو شـەڕەی كـە ئـەوا شـەش سـاڵ بـوو نقەنقـی بـوو بـێ ئـەوەی كـەس بتوانـێ بێدەنگـی بـكات و ڕایبگـرێ. ئێمـە ئـەو ناسـناوەمان بـۆ دایكـم قەبـووڵ كـرد، بـۆ خۆیشـمان قەبووڵـمان كـرد كـە هەتیـو بیـن تـا ئـەو كاتـەی باوكـی ونبوومـان بگەڕێتـەوە**)). (**ڕێـڕەوی ئـارام: ١٧٢ - ١٧٣**). مـرۆڤ لـە جەنگـدا هیـچ شـتێك بـە ویسـتی خـۆی نییـە و ناچـارە بەزۆرێـك لـەو بەڵایانـەی بەسـەریدا دێـت ڕازیبێـت. لـە دیمەنـی كوژرانـی خاڵۆنەعسـۆدا بەدەسـتی قەنـاس بەدەسـتەكان، خوێنـەر هەسـت بـە هاوخەمـی دار زەیتوونـەكان دەكات ((**دەنگـی فیشـەكی قەناسـەیەك هـات. یـەك فیشـەك بـوو... خاڵـۆ نەعسـۆ وەك دار زەیتوونێـك كـە تـەور لـە ڕەگـی درابـێ، هاتـە خـوارێ. لـەو سـاتەدا دار زەیتوونەكانـی هـەردوولای جادەكـە پێكـەوە دەسـتیان بـە ناڵەناڵـە كـرد. ناڵـە نەدەبڕایەوە.**)).(**ڕێـڕەوی ئـارام: ٩٥**). كامـۆ تووشـی سەرسـوڕمان دەبێـت، كـە ئاهـو گریانـی زەیتوونـەكان دەبیسـتێت، بۆیـە خاڵـۆ عەلـی پێـی دەڵێـت ((- **ئـەی بـۆ مەگـەر تـۆ نازانـی زەیتـوون دارێكـی**

**میهرەبانە؟ زۆر میهرەبانە. ئەگەر خاوەنەکەی لە کیس بچێ، ئەویش خۆی دەکوژێ. ئێستا دار زەیتوون خۆیان بەکوشت دەدەن)).(ڕێڕەوی ئارام: ٩٦)**. ئەم دیمەنە فانتازییە تەفسیری ئەو پەیوەندییە جەدەلییە دەکات، کە مرۆڤ بەزێد و خاکەکەیەوە دەبەستێتەوە، هاوسەنگی نێوان مرۆڤ و سروشتە کە تەواوکەری یەکدین، چونکە بێ مرۆڤەکان دار زەیتوونەکانیش بوونیان هیچ مانایەکی نییە. ڕۆماننووس لێرەدا دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە هەرچەندە مرۆڤە شەڕخوازەکان تۆوی بێ بەهاکردن بچێنن، بەڵام ناتوانن میهرەبانی لە سروشت وەربگرنەوە. مام برایم کەسایەتییەکی دیکەی نێو ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامە، وەسفی ئەو ساتانە دەکات، کە عەفرین دەکەوێتە ژێر بۆردوومانێکی چڕ و هەوڵی گەیشتن بە پەناگەیەك دەدات لەگەڵ خانەوادەکەیدا **((گوتم خێراکە کوڕم. ئێستا کاتی ئەوە نییە بزانین ئەوە بەسەرماندا دەبارێ چییە. پێویستە خۆمان بگەیەنینە شوێنێکی پارێزراو. هێشتا قسە لە دەممدا بوو، پارچەیەکی بۆمبا بەر ڕانم کەوت. لە گۆشەیەك دانیشتم سەیری برینەکەم بکەم، دیتم کوڕەکەم لە ناوەڕاستی شەقامدا داڕووخا. دەستبەجی ڕۆح لە بەدەنی دەرچوو.... زاواکەم، باوکی حەمیدە، کەمێك لەولاترەوە بەر پارچەیەکی کوشندە کەوت. کچە ناوینەکەم کە زگی هەشت مانگان بوو بریندار بوو، بەهۆی برین و ترسەوە منداڵەکەی لە بارچوو. دایکی حەمیدە لە دەستەوە بریندار بوو. کچەکەی دیکەشم هەروا. شەقام پڕ بوو لە لەش و ئەندامی پارچە بوو)). (ڕێڕەوی ئارام: ١٦٤ - ١٦٥)**. ئەمە تەنیا تراژیدیای یەك خێزانە، کە لەترسی تۆپباران دەیانەوێت بگەنە پەناگەیەکی ئارام، بەڵام چەندین کەسیان دەبێتە قوربانی و خوێنیان هەروا بەفیڕۆ دەڕوات. جگە لەوەی ئەوانەشی لە ژیان ماونەتەوە بەشیان بووەتە ئاوارەیی و خەمی لە دەستدانی خۆشەویستانیان هیچ مانایەکی بۆ ژیانیان نەهێشتووەتەوە. ئەوەتا نەوەیەکی مام برایم بەناوی حەمیدە، کە تەمەنی تەنیا حەوت ساڵێکە، کاتێك باوکی بەبەرچاوییەوە خەڵتانی خوێن دەبێ و گیان لەدەست دەدات، ئیدی دەروونی تێکدەچێ و ئەو دیمەنەی هەمیشە لەپێشچاوە، وەگێر لەزاری مام برایمی باپیرەی حەمیدەوە دەڵێت **((- جاتوخوا کەسێك ماوە ئەم شەڕە حیزە کاریگەریی لەسەری دانەنابێ؟ مەگەر منداڵێك ماوە هۆشی لە جێی خۆیدا بێ؟ تاوانی ئەم کچە منداڵە چییە کە باوکی لە پێش چاوی کوژراوە؟ ئەو هەژارە ئیدی لە کوێ ئاسایشی دەست دەکەوێ؟)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٦١)**. شەڕ گەورەترین دوژمنی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، تاکو شەڕە بێ ئاکامەکان بەردەوامبن، قوربانییەکانیش هەر زیاد دەبن، بۆیە سیستەمی جیهانی بەم حاڵەی ئێستایەوە هیچ دڵنیاییەکی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێ نییە، ئەمە ئەو ساتە ترسناکانەیە کە بیری توندڕەویی و ڕەگەزپەرستی دەستەباڵا دەبێ و گیانی مرۆڤەکان دەهاڕێ و سڵ لە هیچ ناکاتەوە.

٦. **ونبوون و ڕفاندن:** دیوێکی دیکەی تاریکی جەنگ، ڕفاندن و شوێن بزرکردنی خەڵکی سڤیلە، کامۆ دەڵێت **((باوکم لە پڕ ونبوو. ئێمە زۆر چاوەڕێی گەڕانەوەی بووین. دایکم هەموو ئێواران لەگەڵ مەیسۆ دەچووە بەر پەنجەرە و چاوەڕێ دەما کە بگەڕێتەوە. بەڵام نەگەڕایەوە.)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٤)**. باوکی کامۆ پزیشکە، داعش هەڵدەکوتنە سەر نەخۆشخانە و دەیڕفێنن، ئیدی ئەمەش دەبێتە ناسۆرێکی دیکە بۆ خانەوادەی کامۆ و هەر لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی باوکیاندا دەبن. لایەنی ئیستاتیکی ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارام وا لە خوێنەر دەکات، کە ببێتە بەشێك لە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە، بەوەی ئازارەکان لەگەڵ یەکدا بەش دەکەن و هەموو پێکەوە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی باوکی کامۆدان. کامۆ لە جێیەکی دیکەدا بە حوزنێکی قووڵەوە دەردە دڵی خۆی بۆ تەباشیرە زەردەکەی بەیان دەکات **((جا تۆ چووزانی تەبەشیرە زەردەکەم کە ئازاری ئەوەی کەسێکی لێ ڕفێندرابێ، چەندە زۆرە ؟ باسی ئەو ئازارە لەمن بپرسە. لە هیچ ئازارێکی دی ناچێ)).(ڕێڕەوی ئارام: ٢٨)**. ئەو ئازارە قوڵەی کامۆ دەیچێژێت هێندە بەسوێیە دەیەوێت لەگەڵ هاوڕێ بێگیان و ڕۆحەکەیدا بەشیبکات، چونکە لە جەنگدا مرۆڤەکان هێندە خەمیان زۆرە بەرگەی خەمی دیکە ناگرن، بۆیە کامۆ تەباشیرەکەی بە باشترین هاوڕاز

دەزانێت، تاکو هەندێك لە خەمەکانی بە ئەو بسپێرێت.

٧. **ئاوارەیی و ژیانی نێو کەمپ:** کاتێك مرۆڤ لە زێدی خۆی بە زۆر هەڵدەکەنرێت و لە نێو کەمپێکدا دەگیرسێتەوە، ئەوجا دەزانێت لە چ دۆزەخێکدایە و وەکو مرۆڤێکی نێو زیندان ژیان بەسەر دەبات. کامۆ بەمشێوەیە لە هەڵکوتانە سەر ماڵەکەیان لەلایەن داعشەوە دەدوێ **((ئەو ڕۆژەی داعش دوای ڕفاندنی باوکم هێرشی هێنایە سەر ماڵی ئێمە لە منبەج. تێریان نەخوارد باوکمیان لە نەخۆشخانەوە ڕفاند، هێرشیان کردە سەر ئێمە و ویستیان بەزۆر ئێمەش لە ماڵ دەرکەن. من لە ڕیشی ئەوان ترسام ... ئەوان هەڕەشەیان لە دایکم کرد و گوتیان کە دوای دوو ڕۆژی دیکە دێنەوە و دەست بەسەر ماڵەکەماندا دەگرن)).(ڕێڕەوی ئارام: ٣٤ - ٣٥).** دوای ئەوەی داعش منبەج داگیردەکەن، ماڵە کوردەکان بەزۆر وەدەردەنێن. ئیدی لێرەوە خێزانەکەی کامۆش بەر ئەو شاڵاوە دەکەون و ناچار دەبن بەرەو جێیەکی ئارام سەری خۆیان هەڵگرن. ئاکامی یەکتر قبوڵ نەکردن سڕینەوەی بەرانبەرە. بۆیە هیومانیزم داوای لێبووردەیی و یەکتر قبوڵکردن دەکات. کامۆ ئاوا سەرکۆنەی ژیانی ئاوارەیی دەکات **((من لەم شەڕە نێم کە لە کۆچبەریی عەفریندا ترێلی تەراکتۆرێکی کردبووە ماڵی ئێمە لە نێو باخە زەیتوونەکاندا. من لە شەڕ نێم کە هێشتی گورگ و کەمتیار هێرش بکەنە سەر عەفرین، دوا ئارامگەمان، و خەو و ئارامییەکەمان بدزن. من لەو شەڕە نێم کە کەس نازانێ کێ ئاگرەکەی کردەوە و کێ دەیکوژێنێتەوە و چۆن ؟)).(ڕێڕەوی ئارام: ٣٣).** ئیدی کامۆ و خێزانەکەی لە هیچ جێیەك هەست بە ئارامی ناکەن، چونکە هەمیشە لە ژێر هەڕەشە و ئاگری شەڕدان، جان دۆست ڕەخنە لەو دیدە دەمارگیرە دەگرێت، کە ناتوانێت بەرانبەرەکەی قبوڵ بکات، چونکە ژیان بە هەموو ڕەنگەکانەوە جوانە. دوای ئەوەی کامۆ لەگەڵ خێزانەکەیدا دەگەنە ناوچەی شەڕان، بەڵام ئەوێش لەلایەن فڕۆکەکانی سوپای تورکیا و گروپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا داگیر دەکرێت ناچار دەبن شەڕان بەجێبهێڵن **((دەبوا جارێکی دی ئێمە هەڵبێین و کۆچبەر ببین ... ئێمە هەندێکی دی ڕۆیشتین ، گەیشتینە گوندێك، خاڵۆم گوتی ئەوە گوندی مەشالەیە. لەوێوە ڕوومان کردە ڕۆژئاواو چووینە سەر ڕێی عەفرین)).(ڕێڕەوی ئارام: ٥٠ - ٥١).** دوژمنانی کورد هێندە سەرسەخت و ڕەگەزپەرستن، بەهیچ شێوەیەك کورد قیوڵناکەن. بۆیە نەتەوەیەك بەگەورە و گچکەوە لەبن دەستیان هەڵدێن و بەدوای نەوایەکی ئارامدا دەگەڕێن. کامۆ بەردەوامە و دەڵێت **((ئێمە تەنیا نەبووین. بە هەزاران خەڵکی وەك ئێمە هەبوون لە گوندەکان هەڵدەهاتن. منداڵەکانیان و هەندێك تووڕەکەیان بە کۆڵەوە بوو و دەڕۆیشتن. هەموو جنێویان دەدا: - سەد لە حنەتیان لێ بێ کە ئێمەیان تووشی ئەم وەزعەکرد. ... ڕۆژی پێنجی ئازار دوای چەندین کاتژمێر ڕێکردن گەیشتینە عەفرین)).(ڕێڕەوی ئارام: ٥٣).** ڕۆماننووس بۆ ئەوەی سیفەتی واقیعی بە ڕۆمانەکە ببەخشێت ئاماژە بە ڕێکەوتی واقیعی دەکات. کەش و هەوای شەڕ درێژە دەکێشێت، ئەوەتا کامۆ کاتێك گوێ بیستی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی خاڵۆی دەبێت **((لە قسەکانی خاڵۆمەوە لەسەر تەلەفۆن تێگەیشتم کە دۆخەکە باش نییە و ئەرتەشی تورك و گرووپەکانی سەر بە تورکیا لە درێژایی سنوور لە قەستەل جندۆوە تا شەڕان و ئەتما و راجۆ لە نزیك سنووری ئیدلیب کۆ بوونەتەوە. کە ساڵی ٢٠١٧ کۆتایی هات زۆر کەس خۆیان بۆ هەڵهاتن ئامادەکرد و حەزیان دەکرد بەرەو عەفرین بڕۆن. دایکم یەك لەوان بوو. بوخچەیەکی گەورەی ئامادەکرد و جلەکانی ئێمەی تێخست و لەبەر دەرگا دانا)).(ڕێڕەوی ئارام: ٧٨ - ٧٩).** فەزای ترس وا دەکات مرۆڤ لە هیچ شوێنێکدا هەست بە ئۆقرەیی و ئارامی نەکات، نەتەوەی کورد مێژووییەکی درێژی لەگەڵ کۆڵبەکۆڵی و کۆڕەودا هەیە. بەجۆرێك لە کۆنەستی هەر تاکێکی کوردا کۆڕە و ئاوارەیی و ژیانی نێو کەمپ بوونی هەیە. بێگومان ئەمانە هەمووی دەرئەنجام و لێکەوتەی ئەو جوگرافیایەیە کە کوردی تێدا دەژی. بۆتە پێگەی چاوتێبڕینی بەردەوامی دەوڵەتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، هەمووکات سیناریۆکانیان بۆ پەلاماردانی کورد ئامادەیە. کامۆ زۆر بەوردی دیمەنێکی دیکەی کۆڕەوی خەڵکی عەفرین تۆماردەکات **((چاوم بە کۆڕەوی درێژی کۆچبەران کەوت. لە عەفرین و گوندەکانی دەوروبەرەوە**

**هەڵدەهاتن. تا چاو هەتەری دەکرد کاروانی چونیەکی کۆچبەران بوو. تەراکتۆر، پیکاب، ئۆتۆمبیل، ماتۆرسیکل، مینی پاس و هتد هێدی هێدی بەدوای یەکدا دەڕۆیشتن. لە هەر دوو لای جادەش کۆچبەری پیادە هەبوون)). (ڕێڕەوی ئارام: ٨٣ - ٨٤).** ئەمە دیمەنی کۆڕەوی کوردە، کە پڕە لە چیرۆکی ناخ هەژێن و نائینسانی. بەردەوامی ئەم بارودۆخە و ڕووکردنە چارەنووسی نادیار، گەورەترین ئاستەنگە لە بەردەم مرۆڤەکاندا، چونکە ئیدی دەبنە مرۆڤی بێ خەون و بێ ئایندە، هیچ شتێکیان نامێنێت هیوایان پێ ببەخشێت، بەڵکوو هێواش هێواش بەرەو مەرگێکی خامۆش هەنگاو دەنێن. بۆیە هیومانیزم جەخت لە پاراستنی مرۆڤ و شکۆی مرۆڤ دەکاتەوە، تاوەکو لەسەر زێدی خۆی بەکەرامەتەوە بژی. کامۆ بەچیرۆکی کەسایەتییەکی دیکە بە ناوی دایە زەلووخ ئاشنامان دەکات، کە ژنێکی بەتەمەنی بێکەسە و بە هەژاری دەژی **((ئەو پیرێژنە دیبووی کە سوپای تورك و چەتەکانی سەر بەو سوپایە بەرەو گوندەکەی هاتبوون. بەخۆی گوتبوو: جا بۆچی هەڵبێم من پیرێکی بێوەژنم و لە شەڕیشدا کەس گوێ ناداتە پیرەکان. لەگوند و ماڵەکەم دەمێنمەوە و هەڵنایەم. پاسەوانیی دار زەیتوونەکانم دەکەم ... بەڵام ڕۆژێك ... دیتم دوو چەکداری ڕیش ڕەش و قژدرێژ لە بەردەرگان. - چیتان دەوێ ؟ ... - دەمانەوێ ماڵەکەت جێ بهێڵی و بڕۆی. لێرە شەڕە و دەبێ تۆ بچیتە شوێنێکی ئارام و هێمن.- لە دونیادا لە ماڵەکەی خۆم هێمنتر نییە؟ ... - ئێمە پێت دەڵێین بڕۆ. ئەمە فەرمانە و دەبێ ئەنجامی بدەی. بڕۆ یانی بڕۆ)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٠٣).** دایە زەلووخ دەڵێت ماڵەکەی خۆم ئارامترین شوێنی دونیایە، کاتێك مرۆڤ لەو ماڵە بەزۆر وەدەر دەنرێت، ئیدی مەحاڵە لە هیچ شوێنێکی دیکەدا بەو هێمنی و ئارامییە بگاتەوە. بۆیە زۆر شەیدای ماڵەکەی و باخەکەی بوو، دایە زەلووخ دەڵێت **((هەر دارێکی ئەو باخە چیرۆکێکی هەبوو. ئەگەر چیرۆکەکانیان بگێڕمەوە بە ساڵێکیش تەواو نابێ. ئەو چەکدارانە چیرۆکی دارەکانیان نەدەزانی)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٠٥).** ئای چەندە ئەستەمە! کاتێك بەرانبەرەکەت لێت تێناگات، دایە زەلووخ دەڵێ هەر دارێك چیرۆکێکی هەیە. هەر دارێکی زەیتوونی باخەکەی بە کۆرپەی خۆی دەزانێت، بۆیە دابڕانی لە باخەکەی بریتییە لە سڕینەوەی ناسنامە و مێژوو و چیرۆکەکانی ژیانی. ئەو ڕۆژانە فێری ئەوە بووە لە باڵای زەیتوونەکانی ڕامێنێ و لەگەڵیان بدوێ و گوێیان لێڕادێرێت، بەڵام ئێستا ئیدی هیچ شتێك نامێنێت، کە سەبووریی پێ بدات. بۆیە دەبێتە مرۆڤێکی داڕووخاو داهێزراو و بریندار. (لە ژێر چادری سپیدا) ناونیشانی بەشێکی دیکەی ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامە، ئەم بەشە ژان و مەینەتی کوردانی نێو کەمپێك بە ناوی بەرخۆدانی لە خۆ گرتووە، کە لە ژێر هەر خێوەتێکدا چیرۆکێك هەیە، بەڵام هەموویان هیوایەکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ عەفرینی زێد. کامۆی وەگێڕ ئاوا وەسفی کەمپەکە دەکات **((لە کەمپی بەرخۆدان، خەڵك سەریان لێشێوابوو. ئەوان وا دیاربوون، وەك ئەوەی لە قەبر هەستابێتنەوە و مەلایکە لێیانبخوڕن بۆ مەیدانی حەشر. دەیان هەزار کەس لە عەفرین و گوند و ناحیەکانەوە لە ترسی ئەرتەشی تورك و چەتەکانی هاوڕێی هەڵاتبوون ... بە پێش هەر خێوەتێکدا ڕادەبرام، وەك ئەوە وابوو بە پێش گۆڕێکدا ڕابڕم)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٣٨ و ١٤٦)**. هەر یەك خەمێکی لە کۆڵ گرتووە. لە دابڕان و ونبوون لەکەسوکار برسێتی، نەخۆشی، نائومێدی، نامۆیی و نە بوونی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ داهاتوو. ترسی لە دەستدانی یەکجاری زێد و خاك، پیاوێك بەدەم ئازارەوە دەڵێت **((بڵێی عەفرینیش وەك فەلەستینی لێ بێ؟ بڵێی ئێمەش بۆ باخە زەیتوونەکان بگرین هەر وەك چۆن فەلەستینییەکان تا ئێستاش بۆ باخە لیمۆ و پرتەقاڵەکانیان دەگرین؟)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٥٠)**. مانەوەی ئەم پرسیارانە بێ وەڵام، تۆوی نائومێدی و گومان زیاد دەکات، کاتێك مرۆڤ لە داهاتوو دەڕوانێت و هیچ ڕووناکییەك نابینێت، ئیدی تووشی ڕەشبینی و ڕووخان دەبێتەوە، بۆیە ژیانی نێو کەمپ جگە لەوەی تەنیا لە زیندانێك دەچێت مرۆڤیش تەسلیم بە چاوەڕوانییەکی بێهوودە دەکات.

**٨. توندوتیژی ئاینیی:** مرۆڤ ئازادە لەوەی هەڵگری هەچ بیروباوەڕ و ئاینێك بێت. چونکە ئایین بابەتێکی ڕۆحیە و پەیوەندی بە چۆنیەتی بیرکردنەوە و قەناعەتی تاکەکانەوە

هەیە، بەو واتایەی ئەوەی ئاینێك هەڵدەبژێرێت، ئەوا بێ شك باوەڕی تەواوی بە پرەنسیپەکانی هەیە. بۆیە ناکرێت زۆر لە خەڵك بکرێت کە دینەکەی بگۆڕێت یاخود کەسانێك کە سەر بە دینێکی جیاوازبن توندوتیژیان لەگەڵ بەکاربهێنرێت، چونکە ئەمانە لەکەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەها هیومانیزمیەکاندا نایەتەوە. لە ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامدا، کامۆی وەگێر بە چیرۆکی ژنێك بەناوی فریاڵی ئێزدی ئاشنامان دەکات. ((**فریاڵ ژنێکی ئێزدی خەڵکی قەستەل جندۆ بوو. کاتێك ویستم لە ترێلیدا بخەوم، پێی ئاشنا بووم. ئەو بەسەرهاتی خۆی بۆ دوو پیرێژن .... دەگێڕایەوە**)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٠٩). فەریاڵی ئێزدی خاوەنی چیرۆکێکی درێژی پڕ لە تراژیدیایە، ئەویش چارەنووسی وەك هەزاران کوردی دیکەیەو ڕێی ئاوارەیی گرتووەتەبەر و لەگەڵ ماڵی کامۆ و چەند خێزانێکی دیکەدا لە عەرەبانەی تراکتۆرێکدان. فەریاڵی ئێزدی بە فلاشباگ دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو دەڵێت ((**هەر کەسوپای ئازاد شەش ساڵ پێش ئێستا عەزازی گرت، ترس باڵی بەسەر قەستەل و گوندەکانی دیدا کێشا. من تازە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی حەڵەب دەرچووبووم ... ئێمە ترساین کە چەکدارەکان ڕوو بکەنە لای ئێمەش. ڕۆژێك چەند چەکدار هاتنە گوند و گوتیان کە ئێمە کافرین و دەبێ ببینە موسڵمان**)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٠٩). ئەو هزرەی کە پێی وایە ئەوەی لەگەڵ ئەو نییە ئەوە دژیەتی و نابێت هەبێت. جیاوازییەکانی قبوڵ نییە. ئەمەش ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و لەبری دۆزینەوەی چارەسەر دەرگای گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن بەڕووی یەکدیدا دادەخات و کێشەکان گەورەتر دەکات. بۆیە هیومانیزم باوەڕی بەتوندوتیژی نییە و ئازادی هەڵبژاردنی بیروباوەڕی داوەتە دەست مرۆڤەکان. چارەسەری ئەمجۆرە بیرکردنەوە توندوتیژانە جوڵانەوەیەکی بەهێزی مرۆڤگەراییە، کە دەتوانێت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەم ئاراستە ترسناکە لە بیرکردنەوە ڕزگار بکات. کۆمەڵگەکانی ئێستا بەو فرەدەنگی و فرەڕەنگییەوە جوانە و بوار بە هەموو تاکەکان دەدات، کە وەك ئەوەی خۆیان دەیانەوێت بژین. ئەمەش گرەنتی پێکەوە ژیان و زامنی ئازادی بۆ هەموولایەك دەکات، ئەنجامەکەشی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ژیانێکی پڕ لە ئارامی بۆ هەموو لایەك دەستەبەر دەکات. لە دیمەنێکی دیکەدا کاتێك گرووپە توندڕەوەکانی سەر بەتورکیا عەفرین داگیر دەکەن و دەست بە تالانی دەکەن، ئاوا شادی خۆیان دەردەبڕن ((**غەنیمەی ئێمە. ئەو دەسکەوتانەی لە کوردانی گاورمان وەرگرتووە. شوکری خوا کە سەرکەوتنی کردە پشکی ئێمە**)).(ڕێڕەوی ئارام: ١١٨). هەمان عەقڵیەت، کە ئەنفالی کوردی لە باشووری کوردستان کرد و خوێن و ماڵی کوردی حەڵاڵکرد، لە ڕۆژاوای کوردستانیش خەریکی هەمان سیناریۆیە، کە پێی وایە نەتەوەی کورد موسڵمان نییە و سەر و ماڵیان بە موڵکی خۆی دەزانێت.

٩. **شۆڕش و دژە شۆڕش**: ئامانج لە هەڵایسانی شۆڕشەکان دروستکردنی گۆڕانکارییە، لە پێناو ئایندەیەکی باشترو داهاتوویەکی گەشدا، ڕزگارکردنی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیە لە دنیایەکی پڕ لە توندوتیژی و نایەکسانی بەرەو دنیایەکی پڕ لە لێبوردەیی و یەکسانی، بۆیە لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی سوریادا کە ناوچە کوردییەکانیشی گرتەوە، باوەڕێکی زۆریان بە ئاکامەکانی شۆڕش هەبوو، کە ئومێد لێی کۆتایهێنان بوو بە حوکمی دیکتاتۆریانەی بەعسی لە سوریا و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی، بەڵام ئاکامەی ئاوا دەرنەچوو. لە ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامی جان دۆستدا کامۆ لەگەڵ خاڵیدا کاتێك لە شاشەی مۆبایلەوە بینەری هەواڵێکن، کە ئەوە پیشان دەدات چۆن چەکدارانی لیوای حەمزەی سەر بە تورکیا خەریکی تاڵانکردنی عەفرینن و ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن بۆ ئەو دەسکاوتانەی بەدەستیان هێناوە. ئەم دیالۆگە لەنێوان کامۆ و خاڵۆعەلیدا دێتەکایەوە. ((**خاڵۆم دادانی کرۆشت و دیسان گوتی: - سەرکەوتنی چی کوڕی قەحبە، سەرکەوتنی چی؟ - سوورییەکان هەموو سەرکەوتوون خاڵۆ. هەموو لە بەرانبەر یەکدی سەرکەوتن. وەهام بە خاڵۆم گوت. ئەو ڕێگەی بە فرمێسکەکەی خۆی گرت و گوتی: - ڕاستە کامۆ ڕاستە. هەموو سوورییەکان سەرکەوتن. هەمووشیان دۆڕان خوشکەزا. هیچ گرووپێکی سەرکەوتوو نەماوە کە نەدۆڕێ. هیچ میللەتێك، تایفەیەك و ئاینێك نەماوە کە نەدۆڕێ، کە سەرنەکەوێ. ئەوانەش**

**کە شەڕی یەکتر دەکەن، تائێستاش بەمە نازانن. ئەوەی خۆی بەسەرکەوتوو دەبینێ، لێوانلێوە لە قوڕبەسەر و بێوەژن و دایکی جەرگسووتاو و هەتیو و نبوو و گرتووەکان. دۆڕاوەکانیش هەروەها. ئینجا چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان سەرکەوتوو و دۆڕاوی شەڕەکاندا؟ ئەگەر ئەنجامەکە یەك بێ)).(ڕێڕەوی ئارام: ١١٩ - ١٢٠).** ئەم دایەلۆگە قەبارەی ئەو خەم و خەسارە گەورەیە بەرجەستە دەکات، کە ناوچەکە ڕووبەڕووی بووەتەوە. چونکە ئێستا هەموو دۆڕاون و خەڵکی سڤیل و ڕەشوڕووت باجی شکستەکان دەدات، چونکە ئەوان نەك شۆڕشەکەیان دۆڕاند، بەڵکوو ئەوەی لە پێش شۆڕشیش هەیانبوو لە دەستیاندا. کامۆی مێردمنداڵیش بە خاڵۆی دەڵێت، ئەوانە پاسکیلە سەوزەکەی منیشیان دزی، خاڵۆی لەوەڵامدا دەڵێت (( - **ئەوەی شۆڕشێك بدزێ، هەموو شت دەدزێ)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٢٠).** ئیدی ئەو میللەتە خاوەنی هیچ نییە و ئاوات و خۆزگەی بە داهاتوو نەماوە، چونکە هەم شۆڕش و هەم خەونەکانیشی دزراون. واتە ئیتر هەموو هاوکێشەکان بەرەواژ بوونەتەوە و شۆڕشیش هیچ ئومێدێکی لێ سەوز نابێت، تەنیا دۆڕان و شکست بە دوای خۆیدا دەهێنێت. لە دیمەنێکی دیکە پیرەمێردێکی دەردەدار لە ناو قوڕو چڵپاودا هاوار دەکا و دەڵێ **((ئەو خووتایەی ئێمە (مەبەستی لە شارۆچکەی الغوطة یە) بۆ خەڵکەکەی گریاین، ئەو خووتایەی کە ئێمە لەگەڵ برسیبووونی خەڵکەکەی برسیبووین. جا چۆن دانیشتوانەکەی دێن و ماڵەکانی ئێمە داگیر دەکەن و باخ و بێستانەکانمان تاڵان دەکەن و تێیدا دادەنیشن؟ خودا ئەمەی وتووە یان پێغەمبەرەکەی؟ مەگەر شۆڕش وەهایە؟ تاڵان و دزی و دەستگرتن بەسەر ماڵ و موڵکی خەڵکدایە شۆڕش؟ ئێمە لە کۆڵانان وەك لێبووك دەڕەخساین و گۆرانیمان بۆ خووتای دەگوت. ئەمە بوو وەڵامی ئێمە؟)).(ڕێڕەوی ئارام: ١٢٤).** پیرەمێردی هەژار دەڵێ ئێمە دڵمان بۆ خەڵکی خووتای هاوشاریمان دەسووتا، لەگەڵ ئازارەکانی ئەواندا بووین، کەچی ئەوان ئەمڕۆ دەستیان دەڕوا ماڵ و موڵکمان بە تاڵان دەبەن، ئایا شۆڕش وایە؟ یاخود دەبێت شکۆی هەموو مرۆڤەکانی تێدا پارێزراوبێت.

**پ. دیدگای ڕۆماننووس لە بەرجەستەکردنی ئاریشەکانی هیومانیزمدا لە ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامدا:**

ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارام جیهانێك لەشەڕدا وێنا دەکات، کە هەموو بنەماکانی مرۆڤدۆستی تێدا بزرە. جیهانێك لە جەنگدا دەگێڕێتەوە، کەسڵ لە هیچ ناکاتەوە و تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێنێت. جان دۆست لە ڕۆمانی (ڕێڕەوی ئارام) دا خێزانێکی بچووك دەکاتە نموونە، کەشەڕ هێزو ویستی لێ بڕیوون. ژیانیان لێ بووەتە دۆزەخ و مەرگ زۆر بەهێمنی هەڵیان دەلووشێ. ڕۆماننووس جیهانێك لە نێوان واقیع و ئەندێشەدا بەرجەستە دەکات، بەجۆرێك وا لە خوێنەر دەکات لە ئەندێشەدا واقیع و لە واقیعدا ئەندێشە بچنێتەوە. ئەمەش چێژێکی ئیستاتیکی بەوەرگر دەبەخشێت. دیدگای ڕۆماننووس لە ڕۆمانی ڕێڕەوی ئارامدا تەنیا گێڕانەوەی چیرۆکە بەردەوام و دووبارەکانی جەنگ نییە بە تەنیا، بەڵکوو مەبەستێتی بانگی مرۆڤایەتی بە گوێی کەڕی جیهاندا بدات، کە نەتەوەیەك بەناوی کورد لە ژێر هەڕەشەی پاکتاوکردن و سڕینەوەدایە، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردە. نەوتراوەکانی نێو ڕۆمانەکە پێمان دەڵێت، شەڕ هیچ ڕوویەکی جوانی نییە بۆ گێڕانەوە، چونکە خەون و خولیاو ئاواتە بەدینەهاتووەکان ڕەشدەکاتەوە و لە بنا هەڵیان دەکێشێت. ژیانی خێزانێکی بەختەوەر، دەکاتە خەم و خەزانێکی بەردەوام، باوکیان لەلایەن گروپە توندڕەوەکانەوە دەڕفێنرێت، کچەکەیان بە بۆمبای تورك دەبێتە دوو پارچە، کامۆی کەسایەتی سەرەکی و وەگێڕی ڕۆمانەکە لە بارێکی دەروونی ناجێگیردایە و شەوانە میز دەکاتە ژێر خۆی، لەڕووی جەستەیشەوە تووشی نەخۆشی پێست بووە. دایکیان لە ئازار و ژاندا بووەتە مرۆڤێکی لاڵی خەمباری ڕەنگ هەڵبزڕکاو. ئالانی کوڕە بچووکیان جەستەی لە نێو کەمپدا دەسووتێ. سەرەڕای هەموو ئەو خەمانە لە زێد و خاکی خۆیان وەدەرنراون و بە ئاوارەیی ژیان لە نێو کەمپدا دەگوزەرێنن. ڕۆماننووس ڕەخنە لەو گەمە گڵاوە دەگرێت. کە زلهێزەکانی دنیا لە پێناو پاراستنی دەسکەوت و بەرژەوندییەکانیاندا لە دنیادا ئەنجامی دەدەن. بەبێ گوێدانە هیچ پێوەر و بەهایەك، هەموو ئەو شتانەی لەگەڵ بەرژەوەندییە بێ سنوورەکانیاندا دێتەوە بۆ خۆیان بەڕەوای دەزانن. بۆیە ڕۆماننووس بە نیگەرانییەوە لە

دۆخـی هیومانیـزم دەڕوانێـت، پێیوایـە لـە ئەمـڕۆدا جیهـان لـە هەمـوو کات زیاتـر پێویسـتی بـە گەڕانـەوە بـۆ بەهـا مرۆییـە بـاڵاکان هەیـە، تاکـو جارێکـی دیکـە جەنـگ و کارەسـاتەکان ڕێگەیـان لـێ بگیرێـت. ڕۆماننـووس لـەو باوەڕادەیـە چیدیکـە مرۆڤایەتـی بەرگـەی ئـەم هەمـوو کارەسـاتە گەورەیـە ناگرێـت و پێویسـتە چـی زووە کار بـۆ بنیادنانـەوەی کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی لەسـەر بنەمـای مرۆڤسـالاری و مرۆڤپـەروەری بکرێتـەوە و دەنگـی ئـازادی و پرسـی پێکـەوە ژیـان و وەلانانـی توندوتیـژی و ڕەگەزپەرسـتی بکرێنـە هەوێنـی ژیانـەوە بـۆ داهاتوویەکـی گەشـتر.

دەدەن لەسـەردەمی جەنگـدا. بۆیـە تەنیـا جوڵانەوەیەکـی بەهێـزی هیومانیزمـی کاریگـەر دەتوانێـت ڕێگـە لـە دووبـارە بوونـەوەی هەمـوو ئـەو چیرۆکـە پـڕ لـە مەرگەسـاتانە بگرێـت.

٥. ناوچـە کوردنشـینەکانی ڕۆژاوای کوردسـتان، ڕووبـەڕووی پاکتاوکردنێکـی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراو بوونەتـەوە، چونکـە جگـە لـە کوشـتن و گرتـن و وەدەرنـان لەسـەر زێـدی خۆیـان، سروشـت و ژینگـە و کلتووریشـیان لەبـەردەم مەترسـیدایە. هەمـوو ئەمانـەش گۆڕانـی دیمۆگرافـی لـە ناوچەکـەدا دژ بـە کـورد لێدەکەوێتـەوە.

**ئەنجامەکان:**

لـە کۆتایـی توێژینەوەکـەدا بـەم ئەنجامانـەی خـوارەوە گەیشـتین:

١. هیومانیزم پەیامـی یەکترقبوڵکردن و خوێندنەوەی ئەوانـی دیکـە وەکـو پرەنسـیپ دەناسـێنێت. یەکترقبوڵکردنیـش کۆمەڵگەیەکـی هاوسـەنگ و هەمەڕەنـگ دەخوڵقێنێـت، کـە بـواری فرەدەنگـی و فرەڕەنگـی دەهێنێتەکایـەوە.
٢. ناونیشـانی ڕۆمانەکـە (ڕێـڕەوی ئـارام) لەگـەڵ تێمـەی ڕۆمانەکـەدا دەلالەتێکـی پارادۆکسـی خوڵقانـدووە. بـەو واتایـەی هیـچ ڕێڕەوێکـی ئـارام لـە جوگرافیـای ڕۆمانەکـەدا بوونـی نییـە، دەشـێت دەربازبـوون و گەیشـتن بـە کەنـاری ئارامـی هـەر نەبێـت یاخـود مـردن و فەنـا بـوون بێـت.
٣. جـان دۆسـت لـە ڕۆمانـی ڕێـڕەوی ئارامـدا، دەیەوێـت پێـمان بڵێـت ئـەو مەرگەسـاتەی جەنـگ دروسـتی کـردووە، دەکرێـت بگۆڕێـت بـۆ هیوایەکـی ئینسـانی و چیدیکـە خەونـی مرۆڤـەکان نەبێتـە ڕەشـەخەون. واتـە دەشـێت مـرۆڤ لـە بـێ ئومێدیـدا تروسـکەی هیـوا ببینێتـەوە و ڕووەو داهاتوویەکـی جوانـتر هەنـگاو هەڵبگرێـت.
٤. ڕۆمانـی ڕێـڕەوی ئـارام، چیرۆکـی کۆمەڵێـك کەسـایەتییە لەوانـە (کامـۆ، لالـێ، خالۆنەعسـۆ، مەزییـەت، زەلـووخ، فریاڵـی ئیـزدی، مـام برایـم) هەریەکەیـان بەجۆرێـك بوونەتـە قوربانـی و باجـی نەبوونـی بەهـا مرۆڤایەتییـەکان

**سەرچاوەکان**

**یەکەم/ ڕۆمان:**

١. ڕێـڕەوی ئـارام، ٢٠٢٠، جـان دۆسـت، و: وریـا غەفـووری، لەبڵاوکراوەکانـی ماڵـی وەفایـی، چ ١، هەولێـر.
٢. دووە/ کتێب بە زمانی کوردی:
٣. کۆمەڵێـك نووسـەر، ٢٠١٨، هیومانیـزم، و: کۆمەڵێـك نووسـەر، دەزگای ئایدیـا، سـلێمانی.
٤. موحسـنی، مەنوچێهـر، ٢٠٠٧، دەروازەکانـی کۆمەڵناسـی، و: کۆمەڵێك نووسـەر، دەزگای توێژینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریانی، چ ٣، هەولێـر.
٥. سێیەم/ بە زمانی عەرەبی:

**أ. کتێب:**

١. راسـل، براترانـد، ١٩٨٣، حكمـة الغـرب عـرض تاريخـي للفلسـفة الغربيـة في اطارهـا الآجتماعـي و السياسي ، ت: فـؤاد زكريـا، عـالم المعرفـة، ج ١، الكويـت.
٢. راغـب، نبيـل (د)، ٢٠٠٣، موسـوعة النظريـات الادبيـة، الشركـة المصريـة العالميـة للنـشر، ط ١، مـصر.
٣. غيـث، محمـد عاطـف، ١٩٨٧، قامـوس علـم الاجتـماع، دار المعرفة الجامعيـة، الاسـكندرية، مـصر.
٤. لالانـد، اندريـة، ٢٠٠١، موسـوعة لالانـد الفلسـفية، ت: خليـل احمـد خليـل، منشـورات عويـدات، مـج ٢، ط ٢، بـيروت.
٥. مزيـد، بهاءالديـن محمـد (د)، ٢٠٠٨، النزعـة الانسـانية في الرواية العربيـة و بنـات جنسـها، العلـم والايمـان للنـشر و التوزيـع، ط ١، القاهـرة.

**نامەی ئەكادیمی:**

١. قجان و قريبع، فتحية ــ نصيرة، ٢٠١١، القيم الانسانية في رواية ريح الجنوب، رسالة ماستر، كلية الاداب و اللغات، جامعة منتوري قسنطينة، الجمهورية الجزائرية.
٢. پ. گۆڤار:
٣. مهدي، عبير سهام (د)، ٢٠١٧، النزعة الانسانية في الفكر السياسي الغربي المعاصر، المجلة السياسية و الدولية، تصدرها كلية العلوم السياسية/ الجامعة المستنصرية، العدد ٣٥ ـ ٣٦.

**چوارەم/ ئەنتەرنێت:**

١. رامي، ؟، مفهوم النزعة الانسانية، 2021 ـ **https://www.ainpe-dia.com/article**).
**٢.** (عبدالرزاق، عماد(د)، النزعة النسانية ... الجذور و المنطلقات، **2017: https://www.monliban.org/monliban/ui/topic.php?id=1887**) .
٣. الندوي، معراج احمد معراج، ماهو الأدب الانسانى؟ **2023: https://www.al-jazirah.com/2023/20230613/rj3.htm#**:)
٤. بدون اسم،(النزعة الانسانية.. تاريخها واطوار نشأتها، **2013 — https://www.facebook.com/262019843886278/posts/742161699205421/?locale=ar_A**).

**ملخص**

تسلط هذه الدراسة الضوء على المشاكل التي واجهها الشعب الكردي في غرب كردستان اثناء الحرب التي دارت في سوريا بعد الثورة. ولا سيما في المناطق الكردية بسبب احتلال مدنهم و قراهم من قبل المتطرفين من سنة ٢٠١٤ وحتى سنة ٢٠١٧ حيث قامت القوات التركية بالدخول الى مناطق عفرين الكردية. ومن ذلك الوقت سكان هذه المناطق يعانون من الحرب والعنف والنزوح وانعدام الحرية. لم تترك الحرب في المنطقة أي أرضية للسلام والتسامح والتعايش في المجتمع.

بحيث ينعكس هذا الوضع على الحالة النفسية للشخصيات في الرواية وعانت هذه الشخصيات من الإرهاق النفسي وخيبة الأمل والاغتراب، ولا يوجد أي مخرج أمن للخلاص من هذه المشاكل بالنسبة للشخصيات داخل الرواية. حيث يواجهون مستقبل غامض ومصير أسود. وطرد المدنيين الأكراد من أراضيهم وسرقة ونهب منازلهم وممتلكاتهم ثم إجبارهم على الرحيل من أماكنهم والعيش في المخيمات ماعدا القصف العشوائي اليومي وقتل الأطفال والنساء والشيوخ وخطفهم وإيذاء الأبرياء هي المشاهد الابرز في هذه الرواية.

إذ يربط الروائي مصدر هذه المشاكل بعدم وجود نزعة انسانية عند اطراف النزاع لحل المشاكل بالحوار، عندما تكون النزعة الأنسانية معيارا لحل المشاكل بين الأطراف المتنازعة يؤدي ذلك الى تعايش سلمي بين الاطراف المتنازعة بدون حصول تفرقة للعرق ،اللون، القومية والدين. ويؤدي ذلك الى فتح باب الحوار و التفاهم تحت راية الحرية و التعايش السلمي. لذلك يرى الروائي وجود نزعة إنسانية كحل واضح للصراعات ويدعو إلى السلام و التعايش السلمي.

الكلمات المفتاحية: جان دوست، ممر آمن، عفرين، النزعة الإنسانية، شجرة الزيتون، الحرب

## Abstract

Values of Humanism in Jan Dost's The Peaceful Path Novel

This study is concerned with the problems faced by Western Kurds during the war. Particularly, in Afrin and its surrounding areas which suffer from war, violence, displacement and lack of freedom. Due to War and its consequences, there is no chance for peace, coexistence and tolerance in society. This condition has a complete reflection on the psychological state of the characters in the novel and has caused them hopelessness and alienation, they do not see any way out of this situation. An uncertain future and an ill-fate await them. The ejection of Kurdish civilians from their homeland, looting of their property and then forcing them to live in camps and displacement, bombing and killing of children, women and the elderly, kidnapping and torture of innocent people are the scenes in the novel. The novelist associates the source of these problems with the lack of humanistic thought. Because when the principles of humanism become the standard, individuals will live together equally regardless of color, nationality and religion, the door of dialogue and understanding will be opened and everyone will dream of a better world and a brighter future under the shadow of freedom. Thus, the novelist views the existence of a humanistic perspective as the key to solving problems and calls for peace and coexistence.

Keywords: Jan Dost, Peaceful Path, Afrin, Humanism, Olive Tree, War.